دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ۷۲۸، هەینی ۱۵ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، ٦ی جولای ۲۰۱۸

www.kurdistanmedia.com

چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ۲

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە ۲

حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو ۳

چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە بەرەبەری ۲۲ی پووشپەڕدا ۳

دەبێ گەمارۆی نوێ بخرێتە سەر ئێران... ٤



سێ ڕووداو کە ئێرانیان هێناوەتە لێواری شۆڕش ٥




دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی ڕیئالیست یا ئارمانجخواز ۷



وتووێژی کوردستان: دوکتور قاسملوو ۱۰



# پێشمەرگە چاوگی ئیرادەی گەل



لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا و لە چوارچێوەی خەباتی نوێی گەلی کورد ناسراو بە "ڕاسان" و بە درووشمی "گرێدانەوەی خەباتی شار و شاخ"، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوشێوەی ساڵانی ڕابردوو زنجیرە چالاکییەکی جێگەی سرنجیان ئەنجام دا کە لەلایەکەوە بووە مایەی دڵخۆشی گەلی کورد و لەلایەکی دیکەشەوە بووە هۆی تاسانی ڕێژیمی داگیرکەر.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد کاتژمێر ۷:۳۰ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۸ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان چوونە نێو گوندی "سینگان" سەر بە شاری شنۆ و لەوێدا کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بۆ خەڵک بەڕێوە برد.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاشکرای کرد، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی سینگان لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەڕوو بوونەوە و چەند کاتژمێر لە نێو گوند و لەگەڵ خەڵکی سینگان ماونەتەوە.

ڕۆژێک دواتر فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاوی کردەوە، کاتژمێر ۹ی شەوی شەممە ڕێکەوتی ۹ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاری شنۆ لە گەڕەکی "میرئاباد"ـی ئەو شارە کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بۆ خەڵک بەڕێوە برد.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاشکرای کرد، پێشمەرگەکانی کوردستان، وێڕای ئەوەی کە ۲ کاتژمێر و نیو لەگەڵ خەڵک بوون و کۆبوونەوەیان بۆ خەڵک ڕێک دەخست، لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەڕوو بوونە و خەڵک بەو پەڕی دڵفراوانییەوە پێشوازیان لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردووە.

لە دواچالاکی هێزی پێشمەرگەشدا لە ڕۆژانی ڕابردوو، شەوی چوارشەممە لە سەر پێنجشەممە، ڕێکەوتی ۱۳ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، کاتژمێر ۱۰ی شەو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی "نێ"ـی سەر بە شاری مەریوان لە مەیدانی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ڕاسان و خەباتی نوێی حیزبەکەمان کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بەڕێوە برد کە لە لایەن خەڵکی "نێ"ـی هەمیشە دێموکراتەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

بەپێی هەواڵی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەڵکی گوندی نێ بە ژن و منداڵ، پیر و جەوان پێشمەرگەیان لە ئامێز گرت و بە فرمێسکی شادی پێشوازیان لێکردن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو کۆبوونەوەدا لەو کەسانەی کە هاوکاری سپای پاسداران و دەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن داوای کرد، بگەڕێنەوە باوەشی گەل و پشت ئەستوور بە خەڵکی خۆیان بن .

لە کۆتاییدا بە چەپڵەڕێزانی خەڵک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ درێژەدانی چالاکییەکانی خۆیان شوێنەکەیان بەجێهێشت.

ئەم چالاکییانەی هێزی پێشمەرگە هاوکات بوون لەگەڵ ترسی لەڕادەبەدەری ڕێژیم و دەزگا سەرکوتکەرەکانی وەک سپای پاسداران بەچەشنێک کە وەک لە ڕاگەیەندراوەکانی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەدا دەردەکەوێت ڕێژیم لە هەموو کوردستان و بەتایبەت لەو شوێنانەی کە چالاکی پێشمەرگانەی تێدا ئەنجام دراون، چەکدارانی خۆی مۆڵ دا و بە ڕەوانەکردنی چەکوچۆڵی قورس و نیوەقورس دەیهەویست ترس و زراوچوونی خۆی لەم حەرەکەتانەی پێشمەرگەی کوردستان بشارێتەوە و دڵەڕاوکێ بخاتە نێو دڵی گەلی کوردەوە.

لەمبارەوە فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند: بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتووە، گوندی حەسەنوران لە لایەن سپای پاسدارانەوە گەمارۆ دراوە و هێزێکی زۆری ڕێژیم لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان هاوردەی ئەم ناوچە کراوە و گوندەکانی خانلەر، سەوجە و گوندەوێڵە گەمارۆ دراون کە لە سەر ڕێگای شنۆ ـ نەغەدە هەڵکەوتوون.

لە ڕاگەیەندراوێکی دیکەشدا ئاشکرای کردووە ڕێژیم لە درێژەی مێلیتاریزەکردنی کوردستاندا، شەوی هەینی ڕێکەوتی ۸ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، تانکی هێناوەتە پایەگاکانی خۆڵ بەسەر، چوارچرا و قووچی قەڵان کە دەکەونە سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات کە ناوچە سنوورییەکانی پیران و شنۆ دەگرێتەوە.

ئەوەی دیار بوو ئەم تاکتیکانەی ڕێژیم بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک کاریگەر نەبوون وەک چاوەڕوان دەکرا خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە ڕۆڵەکانی خۆیان کرد و بە ئیرادەی پۆڵایینەوە ڕوانییانە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جیا لە کاریگەرییە نێوخۆییەکانی، سرنجی چەندین کاناڵ و میدیای جیهانیشی بەدوای خۆیدا هێنا؛ کاناڵی "سکای نیوزی عەرەبی" لە ڕاپۆرتێکیدا بە گرینگییەوە لە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوخۆی وڵات دوا.

لەو ڕاپۆرتەی سکای نیوزی عەرەبیدا کە ڕێکەوتی ۱۱ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی بڵاوبوویەوە، باسی چالاکی و خەباتی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرا کە تێیدا هاتبوو: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەختی کردووەتەوە کە خەباتی خۆی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان درێژە پێ دەدات و هێزکانیشی لە کوردستان جێگیر و بڵاوە پێکردووە".

لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە کرابوو کە هاوکات حیزبی دێموکرات خۆی بۆ گۆڕانکارییەکانی ناوچە، کە بە باشی هەستی پێدەکرێت ئامادە کردووە و جەختیشی کردووەتەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیی ئەوەی هەیە کە هەر چەشنە هێرشێکی دوژمن وڵام بداتەوە".

## پەیڤ

## ڕاسان بەرەو لووتکە

**کەریم پەرویزی**

ڕاسانی ڕۆژهەڵات، بەخۆداچوونەوە و لەخۆڕامالێنی تەپوتۆزی ڕابردووی نزیک و هەستانەوە سەرپێی نەتەوەیەک بوو کە دوژمنی ستەمکار و دەستوپێوەندەکانی وایان دەزانی بەچۆکیاندا هێناوە، بەڵام نەیانزانی کە نەتەوەی کورد تەنیا دەرفەتی بەخۆی داوە تا بەشێکی دیکەی نیشتمان سەقامگیر بێ و لە دۆخی نوێدا وای لێک داوەتەوە کە چیدی دوژمن هەموو دەرفەتەکانی لەکیس داوە و پێویستە کە ئەم کوانووە پڕ گڕ بکرێتەوە.

کوانووی خەباتی ڕۆژهەڵات بڵێسەدار کرایەوە و لە لووتکەی چیاوە، ڕێبەرانی چیاباوەڕ، پەیامیان بە گوێی نەتەوەیەکدا دا؛ پەیامی هەستانەوە، ڕاسانەوە و سەربەرز ژیان و بە سەختەڕێی خەباتدا سەرکەوتن.

هەبوون دوودڵ بوون لە پەیامەکە و هەبوون ڕێبوارانیان دڵسارد دەکردەوە لە ڕێگاکە، هەشبوون ئامادەی گیانبازی، تاکوو وەجۆش بێنن و کڵپە بدا خەبات و ڕاسان.

دوای سێ ساڵ، هەرچەند نرخی زۆر گەورە بۆ دووبارە کەوتنەوە سەرپێی ئەم نەتەوە و ئەم خەباتە درا، بەڵام هەموو بانگی بێهیوایی پووچەڵ کرایەوە و دەنگی ڕاسانی ڕۆژهەڵات دلێرە و دەگاتە گوێی هەموو دونیا و تا بارەگای دەسەڵاتدارانی ئامریکاش گەیشت.

سیمای ڕاسانیش روون و روونتر و بەهەیبەتترە، ئەو کاتە دەبینین کە پێشمەرگەی گیانفیدای نیشتمان لە نێو ئازیزترین کەسەکانی واتە خەڵکی پێشمەرگە دۆستی کوردستاندا بە باوەشی ئاوەڵاوە وەردەگیرێ و گوێی لێ دەگیرێ و لە نێو هەموو ڕەگ و قوژبنێکی دڵیاندا هەڵیان دەگرن و دەیان پارێزن.

ڕاسانی ڕۆژهەڵات بریتی نییە لە تەقەکردن و چەک نیشاندان، هەرچەند لەبەرامبەر دوژمنێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامیدا دەبی چەکت پێ بێ بۆ خۆپاراستن، بەڵکوو ڕاسان بریتی بووە و هەیە، لە هێمای وربەخشی پێشمەرگە و دڵی ئاوەڵای شار بۆ بەشداری لە خەباتدا. ئێستا دەبینین کە ئەم ئیرادەیە بە ئەسپایی بەڵام بە پتەوی و قایمی خۆی دەسەلمێنێ.

لە سەرەتای وەرزی نوێی خەباتدا ڕێگاکە پڕ هەڵدێر و هەندێک نارۆون دەردەکەوت و تەنیا ئەوانەی کە ئیرادەیان سەر بە شاخ نەوی دەکا، دڵنیابوون لە سەرکەوتن و دروستیی ڕێگا، هەر بۆیەش بینیمان لە قەرەسەقەل و کۆسالان حەماسەیان خوڵقاند تاکوو بڕوای بەرزی گەیشتن بە لووتکە بە نەتەوەی کورد ببەخشنەوە.

ئەو حەماسە و ئەو خوێنانە و ئەو گیانبازی و ورە و بڕوای بەرز و ئیرادە پۆڵایینانە بوون کە ئەمڕۆیان بۆ دروست کردووین

درێژە لە لاپەڕەی ۳

# چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەندین چالاکی بەربڵاو و جێگەی سەرنجیان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەڕێوە برد کە لێرەدا بە کورتی ڕووماڵ دەکرێن:

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد کاتژمێر ۷:۳۰ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۸ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان چوونە نێو گوندی "سینگان" سەر بە شاری شنۆ و لەوێدا کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بۆ خەڵک بەڕێوە برد.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاشکرای کرد، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی سینگان لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەڕوو بوونەوە و چەند کاتژمێر لە نێو گوند و لەگەڵ خەڵکی سینگان ماونەتەوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ماوەیەکی زۆر لەنێو خەڵکی گوندی سینگاندا چالاکییان کردووە و کۆڕ و کۆبوونەوەیان بۆ خەڵک گرتووە و خەڵکی ئەو گوندە پێشوازی بەرینیان لە پێشمەرگەکان کردووە.

ڕۆژێک دواتر فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاوی کردەوە، کاتژمێر ۹ی شەوی شەممە ڕێکەوتی ۹ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاری شنۆ لە گەڕەکی "میرئاباد"ـی ئەو شارەکۆبوونەوەیەکی بەرینیان بۆ خەڵک بەڕێوە برد.

فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاشکرای کرد، پێشمەرگەکانی کوردستان، وێڕای ئەوەی کە ۲ کاتژمێر و نیو لەگەڵ خەڵک بوون و کۆبوونەوەیان بۆ خەڵک ڕێک دەخست، لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەرەڕوو بوونە و خەڵک بەو پەڕی دڵفراوانییەوە پێشوازیان لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کردووە.

هەر لەو کاتەدا فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند: بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتووە، گوندی حەسەنوران لە لایەن سپای پاسدارانەوە گەمارۆ دراوە و هێزێکی زۆری ڕێژیم لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان هاوردەی ئەم ناوچە کراوە و گوندەکانی خانلەر، سەوجە و گوندەوێڵە گەمارۆ دراون کە لە سەر ڕێگای شنۆ ـ نەغەدە هەڵکەوتوون.

سپای پاسدارانی ڕێژیم بە مەبەستی پێشگرتن لە جموجووڵی خەڵک وهەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوان گوندەکانی خانلەر و گوندەوێڵە بنکەی ئیست ـ بازرەسی داناوە و بەشێکی زۆر لە ئەندامانی گوردانی حەزرەتی ڕەسووڵ" کە گوردانێکی زەربەتییە لە لایەن ڕێژیمەوە لە قەندیلەوە گوازراونەتەوە بۆ دەشتی لاجان .

لە ڕاگەیەندراوێکی دیکەشدا ئاشکرای کردووە ڕێژیم لە درێژەی میلیتاریزەکردنی کوردستاندا، شەوی هەینی ڕێکەوتی ۸ی پوووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، تانکی هێناوەتە پایەگاکانی خۆڵ بەسەر، چوارچرا و قووچی قەڵان کە دەکەونە سەر سنووری باشوور و ڕۆژهەڵات کە ناوچە سنووریەکانی پیران و شنۆ دەگرێتەوە. بەپێی زانیارییەکان ئەو حەرەکەتەی ڕێژیم تا درەنگانێکی وەرزی پاییز درێژەی دەبێ، ڕێژیم هەروەها چەندین چەکی قورس و نیوە قورس لە پێش چاوی خەڵک ڕەوانەی خاڵە سنووریەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات .

ستراتێژیی ڕێکاری ڕێژیم بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگری شێواز و فۆڕمێکی نیزامی سەرکوتکەرانەیە کە کۆمەڵێک تاکتیک و مەبەستی جوراوجۆر بە خۆیەوە دەگرێ و لە دوو جۆر شەڕی سەخت و شەڕی نەرم پێکدێ ، هەر بۆیە جووڵاندنی هێزێکی تەیار بە چەکی قورس بۆ میلیتاریزەکردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی کوردستان جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی مەبەستی دیکەشی لە پشتە کە ئامانجیان شکاندنی باری ڕۆحی و دەروونی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

هەروەها ماوەبەماوە هێنانی کۆمەڵێک چەکی قورس و جووڵاندنی هێز لە پێش چاوی خەڵک، بەشێکە لە مانۆڕی هێنانەخواری وورەی خەڵک و دروستکردنی شەڕی ڕەوانی، بەڵام هەر وەک دەبینن خەڵکی کوردستان بە پێشوازی و پاڵپشتی پێشمەرگەی کوردستان بە ئیرادەی پۆڵایینەوە دەڕوانێتە خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ڕۆژی سێشەممەش ڕێکەوتی ۱۲ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاوی کردەوە کە هێزێکی زۆری دوژمن لە چەندین گوندی شنۆ لەوانەش "گورگاوێ، قورووشاوێ، قەزناوێ، نەرزیوێ و خاڵتاوێ لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە جێگیر کراون.

بەپێی هەواڵی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو هێزە سەرلێشێواوەی ڕێژیمی ئێران بە مەبەستی پێشگرتن لە جوڵەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو گوندانە جێگیر کراون؛ بەڵام تەنانەت بۆ ساتێکیش نەیانتوانیوە پێش بە کار و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە بگرن یان بۆیان ببن بە کۆسپ.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ بۆی دەرکەوتبێ کە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەشکانەهاتووە و کاتیەتی کە هێزی داگیرکەر لە کوردستان وەدەربنرێ.

هاوکات خەڵک و پێشمەرگەی کوردستان سوورن لە سەر ئامانجە نەتەوەییەکانیان و هەتا وەدیهێنانیان کۆڵ نادەن؛ پێشمەرگە خەڵکە و خەڵکیش پێشمەرگەیە؛ هەر بۆیە هەموو دار و دەوەن و شاخ و چیاکانی کوردستان لە داگیرکەرانی کوردستان بووەتە پێشمەرگە.

لە دواچالاکی هێزی پێشمەرگەشدا شەوی چوارشەممە لە سەر پێنجشەممە، ڕێکەوتی ۱۳ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی، کاتژمێر ۱۰ی شەو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە گوندی "نێ"ـی سەر بە شاری مەریوان لە مەیدانی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ڕاسان و خەباتی نوێی حیزبەکەمان کۆبوونەوەیەکی بەرینیان بەڕێوە برد کە لە لایەن خەڵکی "نێ"ی هەمیشە دێموکراتەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

بەپێی هەواڵی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەڵکی گوندی نێ بە ژن و منداڵ، پیر و جەوان پێشمەرگەیان لە ئامێز گرت و بە فرمێسکی شادی پێشوازیان لێکردن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو کۆبوونەوەدا لەو کەسانەی کە هاوکاری سپای پاسداران و دەزگا سیخوڕییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن داوای کرد، بگەڕێنەوە باوەشی گەل و پشت ئەستوور بە خەڵکی خۆیان بن .

لە کۆتاییدا بە چەپڵەڕێزانی خەڵک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ درێژەدانی چالاکییەکانی خۆیان شوێنەکەیان بەجێهێشت.

# ڕاگەیەندراوی ناوەندیی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەرحەق بە ناڕەزایەتییەکانی ئەمڕۆی ئێران



ناوەندیی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵک لە پێتەختی ئێران و چەندین شاری دیکە کە ئەمڕۆ ٤ی پووشپەڕ بەڕێوە چوو، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی ناوەندیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانیای بەڕێز

کۆمەڵانی خەڵکی مافخوازی ئێران

ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

لە درێژەی ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵکی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئێران و لە ئیعتراز بە سیاسەتە دژە مرۆڤییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە دانیشتوانی وڵاتەکەمان و بەردەوامی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە ئازار و ئەشکەنجە و زیندانی کردن و ئێعدامی هاونیشتمانیان، هەروەها خراپتر بوونی باری ژیان و گوزەرانی خەڵک، پەرەگرتنی بێکاری و بەفیڕۆدانی سامانی وڵات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی دەست و تاقمە تێرۆریستییەکان لە ناوچە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، ئەمڕۆ دووشەممە ڕێکەوتی ٤ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی بەرانبەر بە ۲۰۱۸/٦/۲٥ی زایینی خەڵکی شاری تاران ڕژانە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و بە دژی دەسەڵاتی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دروشمیان دا.

ئەو حەرەکەتە لە ماوەیەکی کورتی چەند کاتژمێریدا شارەکانی کرماشان، بێهشەهر، قشم و کەرەجی گرتەوە و ئەو ڕەوتە هەروا ڕوو لە تەشەنەکردن و پەرەئەستاندنە و درووشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "نەمان بۆ ئەسڵی ویلایەتی فەقیهی"، "دۆلاری دەهەزار تمەنیمان ناوێ" پەیکەری ڕێژیمی لە تەواوییەتی خۆیدا وەلەرزە خستووە.

ئەو حەرەکەتانە و ئەو درووشمانە دەربڕی ئەو ڕاستییەن کە خەڵکی ئێران لێبڕاون لە ڕزگاربوون لە دەست ئەو ڕێژیمە دژی ئێران و ئێرانییە. ئەوەش کاتێک دێتەدی کە ئەو حەرەکەتانە بەردەوام و پەرەگرتوو بن و هەموو یان زۆربەی شار و شارۆچکەکانی وڵات بگرێتەوە و بە یەکگرتوویی، هاوئاهەنگی و یەکدەنگی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆیان بەرەو سەرکەوتن بەرن. لەو پێوەندییەدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە لە ماوەی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ستەمی دووقات و چەند قاتیان لەسەر بووە و لە هەموو بارێکەوە هەڵاوێردراون و لەگەڵ بەشمەینەتی بەرەوڕوو کراون، باشتر لە نێوەڕۆکی کۆنەپەرستانە و دژی گەلیانەی ڕێژیم گەیشتوون و ئازاری ستەمی ئەو ڕێژیمەیان لە هەموو بوار و لایەنەکانی ژیاندا بە ئێسک و پێست چێشتووە؛ بێگومان لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا باش دەزانن چۆن هەڵسووکەوت بکەن و بە چ شێوەیەک ڕەوتی خەباتی چل ساڵەیان دژ بەو ڕێژیمە بپێون و چۆن دەنگیان تێکەڵ بەم دەنگە مافخوازانەی خەڵکی سەرانسەری ئێران بکەن.

لەو پێوەندییەدا دڵنیاین حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە هەست بە بەرپرسایەتیکردن هەرکام لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی خۆیانەوە ڕێنوێنی پێویست دەدەن و لە پێکهێنانی یەکدەنگی و هاوهەنگاوی لە کوردستان یارمەتیدەر دەبن.

ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی پشتیوانی خۆی لەم حەرەکەتە مافخوازانەیەی شارەکان لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان داوای یەکگرتوویی و یەکدەنگی لە خەڵکی سەرجەم شارەکانی وڵات دەکات و دڵنیایە بە حەرەکەتی یەکپارچە و ڕاپەڕینی سەرانسەری سێبەری شوومی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر خۆیان و لەسەر ئێران لادەبەن.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی ئێران

نەمان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندیی سیاسی**
**٤ی/٤/۱۳۹۷ی هەتاوی**
**٦/۲٥/ ۲۰۱۸ی زایینی**

# فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

سەبارەت بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی شەوی ۳ی پووشپەڕ کە بەهۆیەوە چەند کەس لە هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم کوژران و بەداخەوە پێشمەرگەیەکی کوردستان شەهید بوو، فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

ڕاگەیەندراوی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

بۆ ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان رادەگەیەنین کە لە درێژەی کار و چالاکی و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچەی پیرانشار، شەوی ۳/٤/۱۳۹۷ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە حاڵی بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانیان بوون، لە شاخەکانی پشتی زیوە و کۆنە لاجانی سەر بە پیرانشار لە لایەن هێزە دژی گەلیەکانی ڕێژیمەوە دەکەونە بەر دەسرێژی چەک و پەلاماری هێزی ڕێژیمی دژە گەلی کۆماری ئیسلامی، پاش شەڕ و پێکدادانێکی زۆر و ئاگربارانی تۆپخانەکانی ڕێژیم لەو شوێنە، دوژمن بە کوژراو و بریندارێکی زۆرەوە تێک شکا، لەو پێوەندییەدا ڕێژیم کوژراوێکی خۆی بە ناوی ستوان دوو محمد هاشمی و بریندارێک بە ناوی کسری عبدالعلیزادە راگەیاندووە. پاش کۆتایی شەڕەکە پێشمەرگەکان درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا . لەو شەڕەدا بەداخ و کەسەرێکی گرانەوە پێشمەرگەی ئازا و چاو نەترس هاوڕێ "سامان حەسەن پوور" ناسراو بە سامان شێوەسەڵی شەهید و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ڕاسان بوو.

پوختەیەک لە ژیان و بەسەرهاتی شەهید سامان شیوەسەڵی

هاوڕێ سامان حەسەنپوور کوڕی محەممەد لە ساڵی ۱۳٦۷ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە شاری سەردەشت لە دایک بووە، لە تەمەنی ۷ ساڵیدا دەست بە خوێندن دەکات و هەتا ساڵی ۱۳۸۸ فەوق دیپلۆم وەر دەگرێ. ناوبراو هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە هۆگری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری دەبێت، لە ساڵی ۱۳۸٥ی هەتاوی بە هۆی بەستنی پشتوێنی ئاڵای کوردستان لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سەردەشتەوە دەگیردرێت و ماوەی ۷ مانگ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە، هەتا ئەوەی لە ساڵی ۱۳۹٥ی هەتاوی پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان دەبێ. هاوڕێ سامان بە هۆی لێهاتووی و ئازایەتی پلەکانی بەرپرسایەتی نیزامی تێپەڕاند و لە سازماندەیی نوێدا بوو بە فەرماندەی یەکێک لە لکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی تازەمان سامان حەسەنپوور و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری بەڕێزیان دەکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**۳ی پووشپەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی**
**۲٤/٦/۲۰۱۸ی زایینی**

# ڕێژیمی ئێران کەلاکی کوژراوەکانی خۆی کۆ دەکاتەوە



لە دوای ئەوەی کە بەرپرسانی نیزامیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شەڕی پیرانشاردا بە کوژراو و بریندارێکی زۆرەوە تێک شکان، ئێستا کەلاکی کوژراو و بریندارەکانی خۆیان کۆ دەکەنەوە.

ماڵپەڕی کوردستان میدیا ئاشکرای کرد، دوا بە دوای شەڕی شەوی ڕابردووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ دژی گەلییەکانی ڕێژیمی ئێران، ئەمڕۆ کاتژمێر ۱۰ی سەرلەبەیانی هێلیکۆپتەرێک لە شاری نەغەدەوە بەرە و شاری پیرانشار لە هاتوچۆ دایە.

هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا باسی لەوە کردووە، لانیکەم ۳ ئامبولانسیش لە نەغەدەوە کەلاک و بریندارەکانی شەڕەکەیان گواستووەتەوە بەرەو نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ.

هەواڵنێری ماڵپەڕی کوردستان میدیا باسی لەوەش کرد کە ستوان دوو، "محەممەد هاشمی" کە لەو شەڕەدا بە دەستی هێزەکانی پێشمەرگە کوژراوە خەڵکی شاری نەغەدەیە.

هەر لەو پێوەندییەدا، هەواڵنێری ماڵپەری کوردستان میدیا گوتوویەتی لە تۆپخانەکانی کێلەشین و بێمزورتێ سنوورەکانی شاری شنۆ تۆپباران دەکرێن و دۆخێکی ئەمنییەتی بە سەر شاری شنۆدا زاڵە.

# پەیامی تەشکیلاتی نێوخۆی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی شەهیدبوونی سامان حەسەنپوور



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوخۆی وڵات، بە بۆنەی شەهیدبوونی شەهید "سامان حەسەنپوور"، پەیامی هاوخەمیان بڵاو کردەوە و پەیمانی وفاداریان لەگەڵ ڕێبازی شەهید سامان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شارەکانی مەهاباد، ورمێ، سەقز و نەغەدە، مەریوان، هەورامان، سنە و گوندی تەنگیسەر وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ حیزبی دێموکرات، پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازی شەهید سامان و شەهیدانی کوردستان نوێ کردەوە کە تا گەیشتن بە ڕزگاری درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان دەبن.

# ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە شەهید سامان شیوەسەڵی لە وڵاتی سوید و شاری سلێمانی بەڕێوە چوو




بۆ ڕێز گرتن لە شەهید "سامان حەسەنپوور" ناسراو بە "سامان شیوەسەڵی"، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆڕیادێکی لە شاری ستۆکهۆڵم پێک هێنا.

لەو کۆڕەدا بەشێکی بەرچاو لە کوردانی هەرچوار بەشی کوردستان، نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بنەماڵەی شەهید سامان واتا کاک مەلا "حەسەن شیوەسەڵی" ئامادە بوون.

لە بڕگەیەکی ئەو کۆڕیادەدا مامۆستا "مەلا حەسەن شیوەسەڵی" مامی شەهید سامان وەک بنەماڵەی شەهید، وتارێکی پڕنێوەڕۆک و تێروتەسەلی پێشکەش کرد.

بەڕێزیان لە قسەکانیدا ئاماژەی بە مێژووی بنەماڵەی شەهید سامان کرد، کە هەر لە زەمانی کۆماری کوردستانەوە تێکەڵ بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی بوون و شەهید سامان بە وانەی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەرییەوە گۆچ دراوە.

مامۆستا لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بە زۆر پێشمەرگەی قارەمان کرد، کە لە پێناو ڕزگاریی میللەتەکەیاندا گیانی سەربەرزانەیان بەخشی. شیوەسەڵی لە بڕگەیەکی دیکەی باسەکەیدا باسی ئەخلاقی بەرز و شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگەی کوردستانی کرد، کە چۆن لە کاتی شەڕ لەگەڵ دیلەکاندا ڕەفتاریان کردووە.

مامۆستا لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا سپاسی و پێزانینی بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد، خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، لە باشووری کوردستان، بۆ ڕێبەری حیزب و هەروەها بۆ خەڵکی کوردی تاراوگەنشین دەربڕی، کە لە ئەو ماوەیەدا چ بە گرتنی کۆڕ و ڕێزگرتن لە شەهید سامان پەیام و تەلەفۆنەوە پێوەندییان پێوە گرتووە. مامۆستا لە بەشی ئاخری قسەکانیدا هیوای خواست کە هاوکاریی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد پێک بهێنن، هەروەها ڕووی لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکان کرد، کە یارمەتیی گەلانی ژێردەستە یەکێک لەوان نەتەوەی کورد بدەن، بۆ دامەزراندنی نیزامیکی عادڵانە و دادپەروەرانە لە جیهان و ناوچەدا تێ بکۆشن.

لەو کۆڕیادەدا کاک مەلا "محەممەد جوانڕۆیی" کەسایەتیی شۆڕشگێڕی نێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان پەیامێکی پێشکەش بە بەشداران کرد.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٤ی پوشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە هاوکاریی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی، بە ئامادەبوونی نوێنەری حیزب، لایەنە سیاسییەکان و ئەندامانی حیزب لە شاری سلێمانی ڕێوڕەسمێک بۆ نوێترین شەهیدی ڕاسانی خۆرهەڵات، "شەهید سامان شیوەسەڵی" بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و کورد دەستی پێ کرد.

پاشان "شێرکۆ شێخ نووری" جێگری سکرتێری کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەر بە نوێنەرایەتیی مامۆستا مەلا "حەسەن شیوەسەڵی" وتاری بنەماڵەی شیوەسەڵی پێشکەش کرد.

دواتر فواد خاکی بەیگی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە سلێمانی، چەند وتەیەکی لەسەر ڕاسانی خۆرهەڵات و کەسایەتیی شەهید سامان پێشکەش کرد.

دواتر هونەرمەند تاهیر خەلیلی سروودێکی نیشتمانی پێشکەش کرد و هەروەها "ڕەزا موڕادی" بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی، وتاری کۆمیتەی حیزبی خوێندەوە.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودێکی نیشتمانی لە لایەن "شاخەوان عەبدی" پێشمەرگەی حیزبەوە کۆتایی پێ هات.

لەو ڕێوڕەسمەدا چەندین حیزب و لایەنی سیاسی بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون و پەیامی هاوخەمی خۆیان گەیاندە حیزبی دێموکرات.

# حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

لە حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا کۆمەڵێک باسی گرینگ هاتنە ئاراوە و بڕیار بۆ چەندین پرسی گرینگیش دەرکرا.

ڕۆژی دووشەممە ١١ی پوشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێوەچوو.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە هەیئەتەکانی هەریەك لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبوونەوە و چەندین پرسیان تاوتوێ کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە پاش پەسند کردنی دەستوری کار، یەکەم بڕگە لە دەستوری کاری کۆبوونەوە کە تایبەت بوو بە تێکۆشان و چالاکیی نێوان دوو کۆبوونەوەی ناوەند لەلایەن بەرپرسی دەورەیی ناوەند، عەتا ناسرسەقزی ئەندامی دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا پەسەندکردنی لۆگۆی پێشنیارکراوی ناوەند قسەی لەسەر کرا و پاش چەندین تێبینی لایەنەکان، لۆگۆیەك وەك لۆگۆی فەرمیی ناوەندی هاوکاریی پەسەندکرا.

خاڵێکی دیکەی دەستوری کاری حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی، باسێك بوو لەسەر پێکهێنانی ناوەند یان وتەبێژ یان نوێنەرایەتییەك لە ئاستی باڵا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن ناوەندەوە ئەرکدار بکرێت و لە ئەگەری ڕەزامەندی لایەنەکان پلاتفۆرمێکی بۆ بنووسرێت و میکانیزمی کارەکەی دیاری بکرێت.

باسێکی دیکە، قسە بوو لەسەر کۆبوونەوەی کەسی یەکەمی هەر پێنج لایەن کە بەشداربووان پێیان باش بوو ئەو کۆبوونەوە ئەنجام بدرێت و بڕیاردرا لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆبوونەوەی کەسانی یەکەمی هەر پێنج لایەن کۆببنەوە.

باسەکانی حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی پاش چەندین کاتژمێر کۆتایی پێهات.

# چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە کوردستان لە بەرەبەری ٢٢ی پووشپەڕدا

لە بەرەبەری نیزیک بوونەوە لە ٢٢ی پووشپەڕ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شار و گوندەکانی کوردستاندا وەک نەریتی ساڵانە چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد کە بەشێکیان بەم چەشنەن:

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەریوان بەمەبەستی نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان و بەتایبەت شەهید قاسملووی ڕێبەر، درووشمی وەک "بژی قاسملوو" و "بژی ڕاسان"یان لە پشت کانوونی فەرهەنگ لای مزگەوتی حەزرەتی نووح نووسییەوە و دیوارەکانیان بەم دروشمانە نەخشاند.

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە مەیدانی "ناری نزیک کەڵانتەری و فەرماندەیی"ـی هێزی ئینتزامیی و قوتابخانەی سادقیانی مەریوان، وێنە و پۆستێری تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە.

ئەم چالاکییانە لە بەری پیرانانی پیرانشار و شەقامی بیمارستان، کەمەربەندی، سەدا و سیما، تالاری چۆپی، سێڕای بوویەنی شاری بانەش بەڕێوە چوون.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری نەغەدە، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، لە شوێنەکانی وەک؛ شەقامی دوکتور قاسملوو، پاسگای ئینتزامی دووئاوان، مەیدانی کاویان و قوتابخانەی "شەهید ڕەجایی" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری پیرانشار لە: "گەڕەکەکانی کۆنە خانێ، سەرکانی کۆنە خانێ، شەقامی ساحیلی، شەقامی کانی‌جۆ، شەقامی کاسەکەران، بازاڕی سیگار، فەلەکەی محەممەد هەوراز، کەمەربەندیی کۆنە خانێ، دەوروبەری مزگەوتی مام خەلیل، کوچەی ئاشیانە و کوچەی قەپان" وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان بڵاو کردووەتەوە.

هاوکات قارەمانانی دێموکرات لە نێو پادگانی ئەرتەش لە جەڵدیان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و دروشمی پشتیوانیان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسیوە.

لەلایەکی دیکەشەوە شەوی ١٣ی پووشپەڕ لەم شوێنانە تراکت و پووستێری تایبەت بڵاو کرانەوە:

لە ورمێ "گوندەکانی گردیک ناسر، حەفت ئاباد، سێ گردکان و شەقامی سەرەکی ورمێ- زیوە"

لە پیرانشار "شەقامی پەسوێ، سێ ڕێیانی کانی مەلا، گوندی شنۆزەنگ، گردکشانە".

# بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی کۆساڵان لە گوندی نییەر



ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان و تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی نییەری قارەمانپەروەر یادی شەهیدانی کۆساڵانیان بەرز ڕاگرت.

بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ماڵپەڕی کوردستان میدیا، تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێبازی پڕسەروەری، شەوی سێشەممە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕ و لە ساڵڕۆژی شەهید بوونی ٣ پێشمەرگەی قارەمانی گەل، شەهیدان ئەکبەر، شاخەوان و شۆڕش مینبەری ژیاننامەی ئەم ٣ قارەمانەی حەماسەی کۆساڵان لە مزگەوتی ئەم گوندەوە بڵاو کرایەوە.

ڕێکەوتی ٥ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی پۆلێک لە پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان کە بۆ ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێک ئەرکی حیزبی ڕێگای کوردستانیان گرتە بەر، لە داوێنی چیای بەهەیبەتی کۆساڵان و لە نیزیک ئاوایی دوڕوو کەوتنە کەمینی دوژمنانی ئازادی؛ لە یەکەم دەسڕێژی دژی‌گەلییەکاندا هاوڕێیان شاخەوان و شۆڕش مینبەری سینگی پڕ لە خۆشەویستییان کردە قەڵغانی ئازادی گەل و ڕۆژی دواتریش پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکانی خەبات و بەرخودان مام ئەکبەر مینبەری بە تیری دڵڕەشی پێکرا و تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی شەهیدان بوو.

# فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان: چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵاتدا دوژمنی ترساندووە



فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە نیسبەت میلیتاریزەکردنی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە و هەروەها چالاکیی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵاتدا، بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە.

دەقی بەیاننامەکە:

پێداگریی نەتەوەیی کورد، خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان لەسەر داخوازییە نەتەوەییەکانی و خەباتی شێلگیرانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە بە شێوەیەکی چڕوپڕ ملیتاریزە بکرێ و هێزێکی زۆری دوژمن لە کوردستاندا مۆڵ بدرێ، کە مەبەستی سەرەکیی کپکردنی دەنگی مافخوازی و ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان و نەهێشتنی چالاکیی پێشمەرگانە بووە.

بووژانەوەی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی ئاخێوی ڕاساندا بووەتە هۆی تێکچوونی ئەو خەون و خەیاڵەی کە ڕێژیم بۆ وڵاتی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پیلانی بۆی دارشتبوو. ڕاسان و خەباتی نوێی حیزب و چالاکیی چڕوپڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا دوژمنی زۆر تاساندووە و هەراسانی کردووە. هەر بۆیە بەپێی سروشتی هەمیشەییی خۆی هەوڵ دەدا کوردستان زۆرتر میلیتاریزە بکات، هەتاکوو پێش بە خەباتی شاخ و شاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پێشمەرگە بگرێ.

لە درێژەی میلیتاریزەکردنی کوردستاندا کۆمەڵێک پایەگا و بنکەی نوێی سەربازی لە نێوخۆ و بەتایبەتی لەسەر سنوورەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەکی قورس وەکوو تانک، نەفەرهەڵگر، تۆپ، کاتیووشا، مینی کاتیووشا و کۆمەڵێک چەکی دیکەی تەیار، دادەمەزرێنێ.

لەو چەند ڕۆژەدا ڕێژیم لە ترسی چالاکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێزێکی زۆر و کەرەستەیەکی زۆری نیزامی هێناوەتە سنوور و گوندەکانی ورمێ، شنۆ ، پیرانشار، مەریوان، سەقز و ژاوەڕۆ و سەردەشت کە لەو وێنانەی خوارەوەدا بە ڕوونی دیارە، کە بە تەقەکردن و تۆپبارانکردنی مووچە و مەزرا و هەوارنشینەکان، ژیانی خەڵکیان ئەوەندەی دیکە تاڵ کردووە.

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

# وەفدێکی حیزبی دێموکرات سەردانی حیزبی شیوعی کوردستانیان کرد



وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداری لە ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردستان و ساڵیادی کۆچی دوایی عەزیز محەممەددا کرد.

ڕێکەوتی ٩ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی وەفدێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستی بەڕێز تەیمور مستەفایی ئەندامی ناوەندی سیاسی بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردستان و ساڵیادی کۆچی دوایی کۆچکردووعەزیز محەممەد سکرتێری پێشووی حیزبی شیوعی کوردستان لە شاری هەولێر کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا وتاری حیزبی شیوعی کوردستان لەلایەن سکرتێری گشتی ئەم حیزبە بەڕێز کاوە مەحموود پێشکەش کرا کە تێیدا باسیان لە خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەیان کرد؛ هەروەها ڕۆڵی عەزیز محەممەد تێکۆشەری ناوداری کورد لە مێژووی ئەو حیزبەیان بە گرنگ و کاریگەر وەسف کرد.

لە بەشێکی تری ئەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای ئاماژەدان بە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەو ڕێوڕەسمە چەندین بڕگەی تریش پێشکەش کران.

## درێژەی پەیڤ

وا بە ڕاشکاوی دەبینین کە ڕاسان بە بەهێزی بەرەو لووتکە هەڵدەکشێ و ئەم گیانبازییانەی ئەمڕۆیە کە سبەینێ ئاوەدانی نیشتمانێکمان بۆ بەدیاری دێنێ. ڕاسان دژ بە تاریکی بەردەوامە.
.

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات: پێشمەرگە پاڵپشتی خەباتی شارە



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە میانەی دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا باسی لە ڕۆڵی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەباتی مەدەنی لە شارەکانی کوردستان کرد.

شەوی ٣١ی جۆزەردان بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە میانەی دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ "دەنگی ئامریکا" باسی لە کێشە و گرفتە ئابوورییەکانی گەلی کورد و سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاران بۆ قڕکردنی ئەم گەلە بە داخستنی سنوورە کۆڵبەرییەکان کرد.

هەر لەم چاوپێکەوتنەدا و لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە بەرنامەی حیزبی دێموکرات لە ئێستادا چییە؟ بەڕێز هیجری وتی: چالاکییەکانی ئێمە لە ئێستادا کارکردنە لەسەر خەباتی مەدەنی خەڵک لە نێو شارەکاندا و هەروەها چالاکی پێشمەرگەکانمان لە نێوخۆی کوردستان تاکوو بتوانێ ببێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ خەباتی مەدەنی لە شارەکاندا.

لە پرسیارێکی دیکەشدا سەبارەت بە دەوری حیزبی دێموکرات لە ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی چەند مانگی ڕابردوو لە کوردستان بەتایبەت لە شارە سنوورییەکاندا بەڕێز هیجری ڕایگەیاند کە ئەگەرچی هەر کام لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران نەخشی خۆیان گێڕا، بەڵام دەور و سەنگی حیزبی دێموکرات بۆ سازماندانی باشتر و زیاتری خەڵکی ناڕازی بەرچاوتر و کاریگەرتر بووە.

# دەبێ گەمارۆی نوێ بخرێتە سەر ئێران بەڵام هاوکات ئەمە گرینگە کە گەمارۆکان دەبێ گەمارۆی ئامانجدار (زیرەک) بن



**خوێنەرانی خۆشەویست،**

**لە دواسەفەری بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ وڵاتی ئامریکا، بەڕێزیان چاوپێکەوتنێکیان هەبوو لەگەڵ بەڕێز "ئێلی ئێم.گۆڵد جێگری بەرزی سکرتێری گشتیی ناوەندی لەندەن بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسی"، کە دواتر قسە و باسی ئەم دانیشتنە لە دووتوێی ڕاپۆرتێکدا لە ڕۆژنامەی "واشینگتۆن تایمز"دا بڵاو کرایەوە؛ لێرەدا سەرنجتان بۆ دەقی وەرگێڕدراوی ئەم ڕاپۆرتە ڕادەکێشین.**

## "ئەمە دەسپێکی قۆناخێکی نوێیە لە سیاسەتی ئێراندا"

**ئێلی ئێم.گۆڵد**
**بەشی شیکاری-ڕاوبۆچوون**

ڕووداوەکانی دێسامبری ٢٠١٧ خاڵی وەرچەرخان بوون لە مێژووی نوێی ئێراندا. خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەکە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٩ کە "ریفۆرمخوازەکان" (ناسراو بە چینی نێوەڕاست و خوێندەواری تاران) ئەنجامیان دا بەراورد ناکرێن، زۆر جیاواز بوون، لەوێڕا کە خۆپیشاندانگەلێکی بەتەواوی سێکۆلار، مەدەنی و کۆمەڵایەتی بە دژی تەواوەتیی ڕێژیمی تاران بوون و مەزهەبی نەبوون. بەپێچەوانەی ئەو خۆپیشاندانانەی دیکە، ئەمجارە لانیکەم ٨٥ شاری ئێران لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدارییان کرد و بەمەش بووە مەزنترین خۆپیشاندانەکان لە پاش شۆڕشی ئێرانەوە.

"سەرکوتی خەڵکی کورد لە ئێراندا لەسەر دوو کۆڵەکە ڕاوەستاوە"، ئەمە قسەی مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو لە کاتی دوانی لە نیوەڕۆخوانێکی سیاسی لە "ناوەندی لەندەن لە واشینگتۆن دی.سی"دا. بەڕێزیان لە درێژەدا ڕوونی کردەوە "ئەو دوو کۆڵەکە بریتین لە سیستمی هەنووکەی سیاسی و دەسەڵاتەکەی لە لایەکەوە و سەرکوتی نەتەوەیی لە لایەن ئەو بەناو ڕووناکبیرانەی (ریفۆرمخوازانەی) کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە". لە ئاکامدا، سیاسەتی حاشاکردن لە شوناسی نەتەوەیی کوردەکان بە تەواوی بەرچاوە.

کوردستانی ئێران بە شێوەیەکی زۆر جیاواز لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. کوردستانی ئێران بە قورسی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە میلیتاریزە کراوە کە بازگەی پشکنین، کوشتنی خەڵک لە لایەن پۆلیس و باری ئەمنییەتی توندوتۆڵ لەخۆ دەگرێت؛ هەر بۆیە، کوردستان خاوەنی کەمترین ڕادەی خوێندەوار و کارپێدراوە لە سەرانسەری ئێراندا.

بۆ نموونە تەنیا دوو کارخانە لە کوردستاندا بوونیان هەیە کە ئەوانیش لە لایەن خەڵکی دەرەوەی کوردستان دامەزراون و تەنیا خەڵکی غەیرەکورد کاری تێدا دەکەن، کە ئەمەش بووەتە هۆی چەوسانەوەی ئابووری. مینە چێندراوەکان گیانی کوردەکانیان کردووەتە ئامانج و خەساری قەرەبوونەکراویان بە زەوییە کشتوکاڵییەکان گەیاندووە. لەبەر ئەم جۆرە هۆکارانە، ساڵانە پتر لە ١٥ هەزار کورد بەمەبەستی دۆزینەوەی کار بەرەو بەشە ناوەندییەکانی ئێران کۆچ دەکەن. کوردستان ئەو تواناییەی تێدایە کە ببێتە شوێنێکی مەزن بۆ پیشەسازی توریزم و چالاکی ئابووری، بەڵام بە هۆی ڕێژیمەوە، ئەوان هەر دەرفەتێکی باشترکردنی ژیانی خۆیان لێدەسێندرێتەوە. شەش شار لەو دە شارەی ئێران کە زۆرترین ڕادەی بێکارییان هەیە، لە کوردستاندان.

لە کاتێکدا ئێران لە ڕابردووشدا شایەتی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی مەدەنی بووە، خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە کە لە ناوچە کوردییەکاندا دەستی پێکرد ئێستا تەشەنەی کردووەتە شوێنەکانی تری ئێرانیش. ٨٠ تا ٨٥ لەسەدی خەڵکی ئێران پشتیوانی لەم ڕێژیمەی ئێستا ناکەن. لەکاتێکدا کە خەڵک بەگشتی ڕەنگە بەدوای گۆڕینی ڕێژیمەوە بن، لاوانی ئێران خوازیاری زیاتریشن. ئەوان بەدوای بەڕۆژئاواییبوون، دەستڕاگەیشتنیان بە ئینتێرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، موزیکی ڕاک و هتدن.

لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ ڕوانینی بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆک ترامپەوە بە نیسبەت ڕێککەوتننامەی ناوکی ئێران (JCPOA) کە بە ڕوانینێکی واقیعی دەزانی، بە نیسبەت وەڵامی لایەنەکانی تر بەتایبەت ئۆرووپاییەکان بەم پرسە تا ڕادەیەک دڵسارد بوو. دەبێ گەمارۆی نوێ بخرێتە سەر ئێران بەڵام هاوکات ئەمە گرینگە کە گەمارۆکان دەبێ گەمارۆی ئامانجدار (زیرەک) بن. ئەگەرچی گەمارۆکان لە کورتماوەدا ڕەنگە زەبری خۆیان بوەشێنن، بەڵام لە درێژەماوەدا زەبری قورس و پێویست دەوەشێنن. گومانی تێدا نییە کە ڕێژیم هەوڵ دەدات گەمارۆکان دەور لێبداتەوە ـ تەنانەت ئەو ئەگەرە هەیە بە هۆی بەغداوە ئەم کارە بکات ـ بەڵام ئەوە هەمان شتە کە چاوەڕێ دەکرێ ئەنجام بدرێ و نابێ پێش بە وەگەڕخستنیان بگیردرێت.

ڕووسیە لە ئێران بۆ ئامانجە ناوچەییەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە، لەوانە گوشارخستنە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکان. ئەم پەیوەندییە لەوێڕا دەکرێ بە یەکلایەنە ببینرێت کە ڕووسیە خەریکە گوشار دەخاتە سەر شەڕکەرە بیانییەکان ـ لەوانە ئێران ـ تا لە سووریە بچنە دەرەوە کە دەرخەری ئەوەیە هاوپەیمانی ڕووسەکان ـ ئێرانییەکان ئەوەندەش بەهێز نییە و جیا لەمەش، ڕوانگەیان لەسەر ئیسرائیل جیاوازە. ڕوونە کە ئەم پەیوەندییە لە داهاتوودا، هەر وەک لە ڕابردوودا وابووە، جۆرێک لە ڕووتانەوە دەبێ.

کاتێک چاوەڕوانی گۆڕینی ڕێژیم دەکەین، ئەوەش گرینگە کە بۆمان ڕوون بێت کە چی جێگەی دەگرێتەوە. لە ئێستادا، گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن خەریکی کارکردن لەسەر ئەوەن کە ئاڵتێرناتیڤەکە دەبێ چی بێت، بەڵام هێشتا بە تەواوی لەسەری ساخ نەبوونەتەوە. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان وەکوو پێویست جیددی بێت لەسەر یارمەتیدانی خەبات بۆ دێموکراسییەکی ڕاستەقینە، ئەوان پێویستە پشتیوانی لە ڕێژیمی نوێ بکەن جا هەر کات دەسەڵاتی گرتە دەست. ئۆپۆزیسیۆن چاوەڕێی سەربازەکانی ئەمریکا لەسەر زەویی ئێران ناکات، بەڵکوو چاوەڕوانی یارمەتیدانیەتی لە پێکهێنانی ئاشتیخوازانەی گۆڕانکاری لە تاراندا.

ئەم یارمەتییە دەکرێ دابینکردنی دەستپێڕاگەیشتنی ڕاستەقینە بە ئینتێرنێت، دەستپێڕاگەیشتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردەکردنی چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لەو تۆڕانە و دابینکردنی جێگرەوە بۆ تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران بگرێتەوە. ڕێکخستنی هێزی نوێی خەڵک کارێکی گرینگە. بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی پێی وایە "ئەمە دەسپێکی قۆناخێکی نوێیە لە سیاسەتی ئێراندا" و ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە پشتیوانی ئۆپۆزیسیۆن و لاوەکان بێ.

> **سەرکوتی خەڵکی کورد لە ئێراندا لەسەر دوو کۆڵەکە ڕاوەستاوە، ئەو دوو کۆڵەکە بریتین لە سیستمی هەنووکەی سیاسی و دەسەڵاتەکەی لە لایەکەوە و سەرکوتی نەتەوەیی لە لایەن ئەو بەناو ڕووناکبیرانەی (ریفۆرمخوازانەی) کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە**

> **لە کاتێکدا ئێران لە ڕابردووشدا شایەتی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی مەدەنی بووە، خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە کە لە ناوچە کوردییەکاندا دەستی پێکرد ئێستا تەشەنەی کردووەتە شوێنەکانی تری ئێرانیش. ٨٠ تا ٨٥ لەسەدی خەڵکی ئێران پشتیوانی لەم ڕێژیمەی ئێستا ناکەن**

# سێ ڕووداو کە ئێرانیان هێناوەتە لێواری شۆڕش




**د. ئیدریس ئەحمەدی**

بارودۆخی نێوخۆیی ئێران دینامیکە، مانگ بە مانگ و تەنانەت حەوتوو بە حەوتوو لە گۆڕاندایە. ئەگەر بەر لە حەوت مانگ لەمەوپێش، ئێران پێی نابووە نێو دۆخی شۆڕشەوە، لە دوو مانگی ڕابردوودا ئەگەری ڕوودانی شۆڕش لەو وڵاتەدا زیادی کردووە، هەرچەند ناکرێ بڵێین بەدڵنیاییەوە ڕوودەدا یان سەردەگرێ.

لە ئارادابوونی دۆخی شۆڕش بە بێ بەرپابوونی شۆڕش لە ئێراندا کۆمەڵێک هۆکاری هەیە؛ یەکەم هۆکار، یاداوەری تاڵی شۆڕشی پێشووە، کە ڕێژیمێکی سەرەڕۆی وەکوو ئەوەی پێشوو هێنایە سەر کار.

هۆکاری دووهەم ئەزموون وەرگرتنە لەو شۆڕشە لەلایەن نوخبەی فارسەوە. ئەو ئەزموونەش ئەوەیە کە شۆڕش دەشێ هەم دەرکەوتی ناڕوون و بگرە پێچەوانەی چاوەڕوانی شۆڕشگێڕانی لێ بکەوێتە، هەمیش لەدەستدانی حاکمیەتی نەتەوەی فارس بە سەر تەواویەتی ئێراندا و ئەوەی ئەوان کردوویانە بە کابوسێک بۆ خۆیان، واتە "پارچەپارچەبوونی ئێران"، ببنە مەترسی جیددی. ئەمەش وای کردووە کە بەناو ڕیفۆرمخوازەکان، کە لە ڕاستیدا ئامانجیان پاراستنی کۆماری ئیسلامییە، نەک پێکهێنانی گۆڕان، بتوانن ناسیۆنالیستی فارس و بە تایبەت چینی نێوەڕاست بکەن بە پشتیوانی خۆیان؛ بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٩دا، بزووتنەوەی سەوز ئامانجەکانی لە چوارچێوەی ململانێی نێوان باڵەکانی ڕێژیمدا دەردەبڕی، نەک ئەوەی ئامانجی تێپەڕاندنی کۆماری ئیسلامی هەبێ. ئەمەش وای کرد کە ئەو بزووتنەوەیە لە ناوچە فارسنشینەکان، ئەویش لە شارە گەورەکان و لە نێو چینی نێوەڕاستدا، قەتیس بمێنێتەوە.

هۆکاری سێهەم شکستخواردنی هەوڵەکانی ئەمریکا بوو لە ئەفغانستان و عێراق لە پەیوەندی لە گەڵ جێگیرکردنی دێموکراسیدا. وێڕای گرفت و بەربەستی نێوخۆیی، ئێران وەک وڵاتێکی دراوسێ دەوری سەرەکی لە شکستپێدانی ئەو هەوڵانەدا گێڕا. دواجاریش بەهاری عەرەبی و ئەو دەرکەوتە نەخوازراوانەی کە لێی کەوتەوە، وێڕای سیاسەتی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا کە هەم لە ڕووی سیاسی و هەمیش لە بواری داراییەوە یارمەتیدەری کۆماری ئیسلامی بوو، مەسەلەی شۆڕشی لە ئێران وەدرەنگ خست.

هۆکاری چوارەم، ترسی خەڵکە لە سەرکوتکردنی بێبەزەییانە لەلایەن ڕێژیمەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کوردستان و بەلووچستانی لێ بەدەر، هێزی چەکدار و ورەبەخش لە ئارادا نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیم. لەلایەکی دیکەوە، هاوسۆزی و هەڤاڵبەندی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکانی ئێراندا وجوودی نییە. بە واتایەکی دیکە، وێڕای ترس لە سەرکوت، زەمینەی پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی فرەڕەنگ و بەرین لە گشت وڵاتدا، هێشتا لە ئارادا نییە.

قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەری و ژینگەییەکانی ئێران کەڵەکەکردوو و دەرهاویشتەی سیستمی سیاسی وڵاتن. ئەو قەیرانانە سیستمین؛ بۆیەش کەڵەکەیان کردووە و هاوئاراستەن و بە بێ گۆڕینی سیستمی سیاسی، یان گۆڕینی ڕێژیمی حاکم، ناکرێ چارەسەر بکرێن. ئەگەر بە هۆی ئەو جیاوازییانەوە نەبایا کە ئاماژەیان پێ درا، بە تایبەتی جیاوازی نەتەوەیی، ئەو قەیرانانە دەیانتوانی زووتر کۆتاییان بە کۆماری ئیسلامی هێنابایە. ئەمەش وا دەکا کە لە ئێراندا بەردەوام ناڕەزایەتی و تەنانەت خۆپیشاندانی جەماوەری سنووردار بە هەرێم یان چین و نەتەوەی جیاواز هەبێ، بەڵام بەبێ شۆڕش.

هەڵبەت سێ پارامێتر لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کە نەک تەنیا ئێرانیان هاویشتووەتە دۆخی شۆڕشەوە، بەڵکوو هێناویانەتە سەر لێواری شۆڕش.

یەکەمیان خۆپیشاندانی جەماوەری بوو لە زۆر شوێنی ئێران لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ و سەرەتای ٢٠١٨. ئەو خۆپیشاندانانە هەم پانتایی جوگرافی بەرینتر، هەمیش ئامانجی ڕێژیمڕوخێنەریانە بوو، بە تایبەت بە بەراورد لە گەڵ خۆپیشاندانەکانی "بزووتنەوەی سەوز" لە ساڵی ٢٠٠٩. گرفت لەوەدا بوو کە ئەمجارەیان چینی هەژار، کە ئەکتەری سەرەکی ئەو خۆپیشاندانانە بوو، بە تەنیا مایەوە لە بەرانبەر ماشینی سەرکوتی ڕێژیمدا.

دووهەم گۆڕان هاتنە دەرەوەی ئەمریکا بوو لە ڕێککەوتنی ناوکی، کە قەیرانی ئابووری لە ئێراندا قووڵتر کردووەتەوە. سیاسەتی ئەمریکا بریتییە لە تێکهەڵپێچانی (مهارکردن) کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی فەراهەمکردنی زەمینەی دارمان یان کۆلاپسی ڕێژیم لە نێوخۆوە، مەگەر ئەوەی ڕێژیم بە ئامادەبوون بە وتووێژ وەخت بۆ خۆی بکڕێ تاکوو ئەو کاتەی ئیدارەیەکی نوێ لە ئەمریکا دێتە سەر کار.

سێهەم پارامێتر کە گۆڕاوە، هاتنە مەیدانی چینی نێوەڕاست و داخستنی بازاڕی تارانە، کە پاش نزیک بە چوار دەیە، یەکەمجارە ڕوو دەدات.

گۆڕان لەو سێ پارامێتەردا گرنگە، هەڵبەت بۆ ئەوەی شۆڕش ڕوو بدا، پێویست دەکا چینی هەژار و نێوەڕاست هاوکاری و هەڤاڵبەندی چینایەتییان هەبێ. ئەوەی کە ئایا، بە لەبەرچاوگرتنی فرەنەتەوەبوونی ئێران، بەرپابوون و سەرکەوتنی شۆڕش پێویستی بە هەڤاڵبەندی نێوان نەتەوەکانی ئێرانیش هەیە یان نا، ئەویش شایانی باسە.

هەڤاڵبەندی نێوان نەتەوەکانی ئێران مەرجی پێویست نەبوو بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩، چوونکە دوابەدوای دارمانی ڕێژیم لە ناوچە فارسنشینەکان، ڕێژیم لە کوردستان، بەلووچستان و هەرێمەکانی دیکەش ڕووخا. هەڵبەت ئەو ئەزموونانەی کە نوخبەی فارس لە شۆڕشی ١٩٧٩ وەریانگرتووە و ترسێک کە هەیانە لەوەی نەتەوە زوڵملێکراوەکان بتوانن دەسکەوتی نیزامی و سیاسییان هەبێ، وای کردووە مەسەلەی فرەنەتەوەبوونی ئێران دەور بگێڕێ لە پەیوەندی لەگەڵ نەبوونی هەڤاڵبەندی نێوان چینی نێوەڕاست و چینی هەژار؛ ئەویش بە نۆرەی خۆی بووەتە هۆی لەئارادابوونی دۆخی شۆڕش بەبێ بەرپابوونی شۆڕش. ئەمەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ناسیۆنالیزمی فارس کە لە شکڵی ئێستایدا، لەگەڵ دێموکراسی و بەرابەری نێوان نەتەوەکان ناگونجێ، هەرچەند بێ گومان نەبوونی هەڤاڵبەندی نێوان ئەو دوو چینە هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی چینایەتیش. چینی نێوەڕاست ئامادە نییە هەڤاڵبەندی لەگەڵ چینی هەژاردا بکا بۆ گۆڕینی نیزامی مەوجود، مەگەر ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکەوێتە خەتەرەوە یان ئەوەی ئازادی و دێموکراسی بوێ.

بە واتایەکی دیکە، چینی نێوەڕاست ترسی هەیە باڵادەستی نەتەوەی فارس لەنێو بچێ، هەرچەند لە شکڵی "خەتەری پارچەپارچەبوونی ئێران" دەریدەبڕێ، بۆیەش خۆی بواردووە لە هەڤاڵبەندی لە گەڵ چینی هەژار لە پێناو ڕووخاندنی ڕێژیمدا. چینی هەژار ئامانجی ڕزگاربوونە لە دەست کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە ماڵوێرانکەرەکانی. سیاسەتە قەیرانپێکهێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا، وێڕای گەندەڵی بەرچاوی دەسەڵاتدارن، وایان کردووە کە لای چینی هەژاری ناوچە فارسنشینەکان، دواجار نان لە ناسیۆنالیزم گرنگتر بێ. ئەمە بە پێچەوانەی خەڵکی هەژاری کوردستان، بەلووچستان، ئەهواز و هتد، کە بە هۆی زوڵمی نەتەوایەتییەوە، نان و ناسیۆنالیزم بۆ ئەوان پێکەوە گرێدراوە.

بۆ ئەوەی هەڤاڵبەندی چینایەتی بێتە گۆڕێ، دەبێ ناسیۆنالیستە فارسەکان، بە تایبەت نوخبەی فارس و چینی نێوەڕاست، دان بە مەسەلەی فرەنەتەوەبوونی ئێراندا بنێن و ئامادە بن لانیکەم بە جیددی داخوازی نەتەوە زوڵملێکراوەکان تاوتوێ بکەن. مەسەلەی فرەنەتەوەبوونی ئێران هەروەها پەیوەندی بە ئازادی و دێموکراسییەوە هەیە؛ بە بێ دانپێدانان بە مافی نەتەوە زوڵملێکراوەکان، ئێران ناتوانێ دێموکراتیزە ببێ.

هۆیەکی دیکەی ئەوەیکە ئەو هەڤاڵبەندییە پێویستە، ئەوەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی دامەزراوەی تایبەتی هەیە بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی. بەپێچەوانەی ڕێژیمی شا، ئامادەیە زەبروزەنگی زۆرتر بەکار ببا بۆ سەرکوتکردنی جەماوەری ناڕازی. بەپێچەوانەی ئەوکات، ئێستا بەس نییە کە بەربەرەکانێی جەماوەری تەنیا لە ناوەند ڕوو بدا بۆ ئەوەی کۆتایی بە کۆماری ئیسلامی بهێندرێت. ڕاستییەکەی، ڕێژیم تەنانەت لە دەرەوەی ئێران، بۆ نموونە لە سورییە، هێزی بەکار بردووە بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی شۆڕش. بە کورتی، بە هۆی سروشت و پێکهاتەی ڕێژیمی ئیسلامی، بارودۆخی ئێستا جیاوازە لەگەڵ بارودۆخی پێش ١٩٧٩.

گۆڕان لەو سێ پارامێترەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ درا، چینی نێوەڕاستی جووڵاندووە. ئەویش نیگەرانە تووشی هەژاری ببێ، بەڵام هێشتا هاوپەیمانی لەگەڵ چینی هەژار و نەتەوە زوڵملێکراوەکان ناکا. ئەوەی لە ئێران لە ئارادایە، لەوپەڕی خۆیدا خەباتی هاوتەریبە، نەک خەباتی هاوبەش دژ بە ڕێژیم. ئایا ئەو دوو شێوە لە هەڤاڵبەندی دێتە گۆڕێ یان خێر، لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە.

ئەگەر هەڤاڵبەندی نێوان نەتەوەی فارس و نەتەوەکانی دیکە نەیەتە کایەوە، هەڤاڵبەندی نێوان نەتەوە زوڵملێکراوەکان و بەهێزکردنی ئەو هەڤاڵبەندییە، پێویستییەکی مێژووییە. لە لایەکی دیکەوە، پەرەپێدان و بەرینکردنەوەی ڕاسان و هەروەها گونجاندنی ڕاسان لەگەڵ ئەو بارودۆخە دینامیکەی ئێران، وەک پێویستییەکی ستراتێژیک دێتە بەرچاو.

**قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەری و ژینگەییەکانی ئێران کەڵەکەکردوو و دەرهاویشتەی سیستمی سیاسی وڵاتن. ئەو قەیرانانە سیستمین؛ بۆیەش کەڵەکەیان کردووە و هاوئاراستەن و بە بێ گۆڕینی سیستمی سیاسی، یان گۆڕینی ڕێژیمی حاکم، ناکرێ چارەسەر بکرێن**

**چینی هەژار ئامانجی ڕزگاربوونە لە دەست کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە ماڵوێرانکەرەکانی. سیاسەتە قەیرانپێکهێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا، وێڕای گەندەڵی بەرچاوی دەسەڵاتدارن، وایان کردووە کە لای چینی هەژاری ناوچە فارسنشینەکان، دواجار نان لە ناسیۆنالیزم گرنگتر بێ. ئەمە بە پێچەوانەی خەڵکی هەژاری کوردستان، بەلووچستان، ئەهواز و هتد، کە بە هۆی زوڵمی نەتەوایەتییەوە، نان و ناسیۆنالیزم بۆ ئەوان پێکەوە گرێدراوە.**

# بۆچی ئێران چارەیەکی دیکە جگە لە قبووڵ کردنی شەرتەکانی ئامریکا و چوونە سەر مێزی دانوستاندنی نییە؟



**ڕاپۆرت: واشنتۆن پۆست**
**وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە:**
**ڕێبوار کرماشانی**
**وەرگێڕان بۆ کوردی:**
**ئارمان حوسەینی**

چوونە دەرەوەی دانڵد ترامپ لە ڕێککەوتننامەی ناوکی و دواجار وتارە توندەکانی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا "مایک پۆمپێئۆ" لە دژی ئێران، شەپۆلێکی گەورەی دژکردەوەی بە دوای خۆیدا هێنا، هێندێک ئەم بەرانبەر یەک ڕاوەستانەیان بەجێ و هەروەها بە باشیشیان زانی و هێندێکی تر نیگەران بوون و ڕەخنەیان لێ گرت. مەبەستی ڕەخنەکان هەوڵەکانی دەوڵەتی ئامریکا بە نیسبەت داگرساندنی شەڕ و گۆڕینی ڕێژیمی ئێران بوو. هێندێکیش ئەم ڕێکارەی کۆشکی سپییان بە ناواقیعبینی دەزانی. ئەگەرچی لێڕوانینی دەوڵەتی ترامپ لە ڕاستیدا شانسی باشی بۆ سەرکەوتن هەیە. خاڵی سەرەکی ئەم بەسەرهاتە کە وا دیارە زۆرێک لە ڕەخنەگران لە بەرچاویان نەگرتووە، ئەمەیە کە دەوڵەتی ترامپ جاروبار بە کراوە بوونی دەرگاکانی دانوستاندن و وتوویژ ئاماژەی کردووە، لە هەمان کاتدا بە هێنانەوەی گەمارۆکان هەوڵی گەڕانەوەی گوشارەکانی بۆ سەر تارانی داوە. بە سیاسەتی هێنانی زۆرترین گوشار و بە دوای ئەودا دانوستاندن و وتوویژ بەو واتایەیە کە، بە دەستهێنانی ڕێککەوتنێکی گشتگیر لە نێوان دوو وڵاتدا کە زامنی داخوازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بێت، دوور لە واقیع نییە.

دیارترین نیشانەی ئەم داخوازییانەی ئامریکا ئەمە بوو کە بە شێوەی ناڕوون لە نێوان قسەکانی مایک پۆمپێئۆ دەرکەوت کە نیشانەی مەیلی ئەوانە لە هێنانی ئێران بۆ سەر مێزی دانوستاندن و قبووڵ کردنی شەرتە باس کراوەکانی ئەوان کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەتوانێ ببێتە هۆی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان. پۆمپێئۆ داوای لە ئێران کرد کە دەرس وەرگرێت لە سیاسەتی "دیپلۆماسی کۆرەی باکوور"، وەکوو نیشانەی ویستی دەوڵەتی نیشتەجێی کۆشکی سپی بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئاڵۆزە نێونەتەوەییەکان لە ڕێگەی وتوویژەوە. گەر سیاسەتی زۆرترین گوشاری ترامپ نەتوانێت ببێتە هۆی کۆڵدانی ئێران یان نەبێتە هۆی ئامادە کردنی بەستێنی گۆڕینی ڕێژیم لە داهاتوودا، لانیکەم ئەتوانێ ئێران بکێشێتە سەر مێزی دانوستاندن لە تەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا. لە ئێستادا تاران مەیلی بۆ دانوستاندنی ڕاستەوخۆ لە تەک ئامریکادا لە خۆی نیشان نەداوە. ئەوان لە ئێستادا تەواوی هەوڵیان بۆ وەدەست هێنانی ڕێککەوتنێک لە تەک ئەورووپادایە بەوهیوایە کە بتوانن هێندێک لەو زەرەرانەی کە بە هۆی گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئامریکاوە دێنەوە، لە سەر خۆیان کەم بکەنەوە و هەروەها زەمانەتێک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان لە بەرانبەر زەخت و گوشاری زۆری پەیوەندیدار بە چالاکییە موشەکییەکانی ڕێژیم و هەروەها دەستێوەردانە ناوچەییەکانی خۆی بە دەست بێنێت. لەو چەند مانگەی کە دادێ ئەگەری هەیە بە پێی چەند فاکت و بەڵگەی جۆراوجۆر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ ڕەفتار و هەڵوێستیان بکرێت.

یەکەم: بە ئێحتماڵی زۆرئێران لە ئەورووپا بێ هیوا دەبێت. ڕاستە کە دەوڵەتانی ئەورووپایی لە دەرچوونی ئامریکا لە بەرجام و گەڕانەوەی دووبارەی گەمارۆکان بە دژی ئێران خۆشحاڵ نین، بەڵام بۆ شرکەتە ئەورووپاییەکان بازاڕی ئامریکا و هێژمۆنی ئابووری ئەم وڵاتە بە سەر هەموو دونیادا زۆر بە قازانجترە لەوەی ئێران. کۆمپانییە نێونەتەوەییەکانی ئەورووپایی هەموویان لە ئێران چوونەتە دەرەوە و هیچ سیاسەتێکی واقیعبینانەی ئەورووپایی توانای گۆڕینی ئەم ڕاستییەی نییە. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ڕێژەی پەیوەندییە تیجارییەکانی ئەورووپاییەکان لە تەک ئێراندا بە نیسبەت پەیوەندییە تیجاریەکانیان لە تەک قەزاقستاندا ڕێژەیەکی کەمترە و ئەگەری قبووڵ کردنی ئەو گەرەنتییانەی کە ڕێبەری ئێران گەرەکیەتی لە ئەورووپاییەکان، زۆرئەستەمە.

دووەم: هاتنە ناوەوەی کێبەڕکێیەکی پڕ لە مەترسییە. ئێران ئەتوانێ لە ڕێککەوتنی ناوکی بێتە دەرەوە و هەوڵ بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم بە هەر خەستی و هەر چەندە کە گەرەکییە بدات. هەروەها کە خامنەیی لەم دواییانەدا فەرمانی کرد کە ئامادەکارییەکان بۆ بردنە سەری تێگونجاندنی پیتاندنی ئۆرانیۆم بکرێت. هەروەها ئێران ئەتوانێت برنامەی دیزاین و دروست کردنی چەکە ناوکییەکانی خۆی دەست پێ بکاتەوە و خێرا بەرەو دروست کردنی چەکە ناوکییەکان بڕوات بە بێ ئەوەی کە ڕایبگەیەنێت.

بەڵام بە دەرکردنی ئاوەها بڕیارێک لە لایەن ئێرانەوە و لە ئەگەری ئاشکرا بوونیدا، ئەگەری زۆرە کە وڵاتە بەهێزەکانی ئەورووپایی هاوڕا بن لە تەک ئامریکادا بۆ سەپاندنی گەمارۆکان. هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە ئامریکا چەندین جار ڕایگەیاندووە کە ئیزنی دەست پێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی نادات، ئەگەری زۆرە کە تاران بکەوێتە بەرهێرشی ئامانجداری ئامریکا بە مەبەستی لە ناوبردنی ژێرخانە ناوکییەکانی (لە وانەیشە هێرشی گشتگیر). لە ئاوها دۆخێکدا کە ئێران لەوانەیە تەنانەت پشتگیری ڕوسیە و چینیش لە دەست بدات، هێندێک لە ڕێبەرانی ئێرانی خەریکی پتەوکردنی هەرچی زۆرتری پەیوەندییەکانی خۆیان لە تەک ئەواندان.

سێیەم: لەوانەیە لێکدانەوەی ئێران لە سەر بنەمای لێکدانەوەیان بۆ ستراتیژی ئامریکا فۆرم و قەوارەی نوێ بگرێت.هێشتا دیار نییە کە گەمارۆکانی ئامریکا تا چەند گشتگیر دەبێت و تا چ ڕادەیەک کاریگەری لە سەر ئابووریی نەخۆشی ئێران دادەنێت، بەڵام وا چاوەڕوان دەکرێ کە گەمارۆ نوێیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە دژی ئێران ببێتە هۆی زەرەرێکی زۆر جیددی لە بەشی سەرمایەگوزاری ئێراندا و بەدوای ئەودا سەرمایەکان بەخێرا لە ئێراندا دەچنە دەرەوە و هەروەها دۆخی کاسبی ئاڵۆز دەبێ. ئەگەر گەمارۆکانی دژی ئێران هاوکات بێت لە تەک گوشارەکان بۆ سەر دەست و پەیوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، لە ڕێگەی پشتگیری لە گرووپە دژبەرەکانیان، ئێران ناچار دەبێت یان پاشەکشە بکات یان درێژە بە کردەوە خراپکارەکانی خۆی بدات. لە ئەگەری درێژەدان بە دەستێوەردانەکانی لە ناوچەکەدا دەبێت ئەو بڕە کەمەی لە سەرچاوەی ماڵی کە بە دەستی دێنێت بە جێی ئەوە کە بۆچارەسەری قەیرانە ئابووری و سیاسییەکانی ناوخۆی ئێرانی تەرخان بکات، دەینێرێتە بەر دەست گرووپە توندئاژۆکان کە بە دوای تێکدانی ناوچەکەوەن. وەها ڕوانگەیەک دەبێتە هۆی تێکدانی ئەو ئارامییە نیسبییەی کە لە ناوخۆدا هەیە و لەوانەیە شۆڕشێک بە دوای خۆیدا بێنێت. ئەتوانین بێژین کە ئێران لە ئێستادا لە قۆناغی پێش شۆڕشدایە، گوشارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژەکانی گەمارۆکان و لە لایەکیترەوە تێچووی زۆری کێشمەکێشە ناوچەییەکان کە ئێران لە ناویاندا گیری خواردووە، بە دەست لێدان و زوخورمەیەک ئەو هاوسەنگییە بشێوێنرێت.

چوارەم: ئێران چوونە پێشەوەی دانوستاندنەکانی نێوان کۆرەی باکوور و ئامریکا دەبینێت. وا دیارە کە دەرچوونی ترامپ لە ڕێککەوتنی بەرجام نەبووەتە هۆی ئەوەیکە کۆرەی باکوور گومان بکات لە پەیوەندی لە تەک دانوستاندنەکانی نێوانیاندا. ڕاگەیەندراوی سەنگاپوور دەسپێکێکی باش بوو بۆ ئەم دانوستاندنە دژوار و ئاڵۆزە کە دەبێت لە کۆتاییدا بە ڕێککەوتنێکی قابیلی قبووڵ بگات. پێشکەوتنەکانی کۆرەی باکوور ئەتوانێ کاریگەری باشی لە سەر ئێران هەبێت کە ڕێبەرانی ئێران بەو قەناعەتە بگەیەنێ مەرجەکانی ترامپ بۆ دانوستاندن قبووڵ بکەن.

لە ئێستادا ئێران حازر نییە کە بێتە سەر مێزی دانوستاندن، بەڵام بە هۆی زۆربوونی گوشارە ئابوورییەکان و هەروەها زۆربوونی تێچووەکانیان، لە وانەیە تاران حازر بێت مەرجەکانی ئامریکا قبووڵ بکات و بێتە سەر مێزی دانوستاندن. لە ئەگەری ڕوودانی حاڵەتی تردا چاوەڕوانی تێچووی زۆر قورسی ئابووری بۆ ئێران و تەنانەت ئەگەری تێکهەڵچوونی جیددی دەکرێ کە حکوومەتی تاران توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەوەدا نییە.

**لە ئێستادا ئێران حازر نییە کە بێتە سەر مێزی دانوستاندن، بەڵام بە هۆی زۆربوونی گوشارە ئابوورییەکان و هەروەها زۆربوونی تێچووەکانیان، لە وانەیە تاران حازر بێت مەرجەکانی ئامریکا قبووڵ بکات و بێتە سەر مێزی دانوستاندن.**
**لە ئەگەری ڕوودانی حاڵەتی تردا چاوەڕوانی تێچووی زۆر قورسی ئابووری بۆ ئێران و تەنانەت ئەگەری تێکهەڵچوونی جیددی دەکرێ کە حکوومەتی تاران توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەوەدا نییە.**

# دوکتور قاسملوو
# ڕێبەرێکی ڕێئالیست یان ئارمانجخواز؟

شەماڵ تەرغیبی



بەپێی زانستی دەروونناسی بۆ ئەوەی کە لە ناخی مرۆڤێک بە مانای واقعی خۆی تێبگەیت و بیناسیت پێویستە هەڵوەستە لەسەر بیروبۆچوون، هەڵسوکەوت، ئاکار و کردارەکانی بکەیت؛ واتە مرۆڤەکان لە سەر بنەمای ڕوانین و دەربڕینەکانیان دەناسرێنەوە و هەڵسوکەوت و بۆچوونەکانیان دەبنە ناسنامەی کەسایەتییان لە نێو کۆمەڵدا.

ئەم ئەسڵە دەتوانێ بۆ ناسینی کەسایەتییە مەزنەکانیش بکرێتە بنەما، بەتایبەت بۆ ئەو مرۆڤە خاوەن پلەوپایانەی کە لە ژیاندا نەماون ونەسڵی نوێ لەو شانازییە بێبەرین کە بتوانن لە نیزیکەوە چێژ لە هەڵسوکەوت و ئاکارەکانیان وەربگرن، بۆیە ناچار پشت بە نووسین و لێدوان و بۆچوونە بەجێماوەکانیان دەبەستن.

د. عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکێک لەو کەسایەتیە پایەبەرزانەی نەتەوەی کوردە کە نەسڵی نوێی کوردستان پێویستە بە گوێ گرتن لە وتەکانی و خوێندنەوەی کتێب و نووسراوەکانی لە ناخی ڕاستەقینەی تێبگات.

گەلێک جاران گوتراوە کە د. قاسملوو کەسێکی دیپلۆماتکار، مامۆستایەکی لێزان، دێموکراتێکی ڕاستەقینە، شۆڕشگێڕێکی بە بڕشت، ئاکادێمیستێکی مۆدێڕن، پێشمەرگەیەکی خاکەڕا، تاکێکی ئارمانجخواز و ڕێبەرێکی ڕێئالیست بووە.

ڕەنگە باس کردن لە هەر کام لەم لایەنانەی کەسایەتی قاسملووی ڕێبەر پێویستی بە کات و توانایەکی باش هەبێت تاکوو ڕاستییەکانی ژیانی ئەم ڕێبەرە ناوازە بخاتە ڕوو، کە ئەمەش نە لە توانای ئەم وتارەدایە و نە خامەی وتاری بەردەستتان دەتوانێت وەک پێویست، بەشێوەیەک کە شیاوی ناوی قاسملوو بێت هەموو ئەو لایەنانە وەک خۆی بگوازێتەوە، بۆیە لێرەدا تەنیا بەشێکی بچووک لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی د.قاسملوو دەخرێتەڕوو.

بەبێ شک زۆربەی زۆری ڕێبەرو سەرکردە دیمۆکراتە عیداڵەتخوازەکان هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەرزی جێگەی ڕێزن کە د.قاسملووش لەو تایبەتمەندییانە بێبەری نەبووە بەڵام یەکێک لەو خاڵە جێگەی سرنجانەی کە ئەم ڕێبەرەی بزوتنەوەی میللی ـ دیمۆکراتیکی گەلی کوردی لە باقی ڕێبەرە دیمۆکراتەکانی جیهان جوێ کردۆتەوە ئەوەیە کە د.قاسملوو گیانی خۆی لە پێناو ئارمانەکەیدا فیدا کرد.

ئەو ئارمانجەی د.قاسملوو چی بوو؟

د.قاسملوو بەپێچەوانەی هەندێک لە دژبەرە پڕئیددیعاکانی و سەرانی کۆماری خوێن و جینایەت کە مەبەستیان لە ژیانی سیاسی گەیشتن بە کورسی و دەسەڵات و حوکمڕانی بووە و هەیە، مەبەستی لە خەباتە پڕهەوراز و نشێوەکەی چەسپاندن و دابین کردنی مافی ئینسانی گەلی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران بوو کە لەم ڕاستایەشدا وەك یەکەم ڕێبەری کورد تەواوی تێکۆشانی دیپلۆماسیی خۆی لای ڕۆژئاواییەکان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی (پشتیوانی سیاسیی) نەك (پشتیوانی ماددی و سەربازی) بۆ دۆزی نەتەوەکەی بەدەست بێنێت کە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە ئاماژە بە بیرەوەرییەکی د. فێردیناند هینێربیکلەر دەکەین کە دەڵێ: پرسیارم لە شەهید قاسملووی ڕێبەری کورد کرد: ئێوە چ جۆرە پشتیوانییەکتان ئەوێت؟ قاسملووش بە وردی بۆی شی دەکاتەوە، کە: ((ئەوان نە پشتیوانی ماددی و نە پشتیوانی چەك و چۆڵ (سەربازی) یان ئەوێت، بەڵکوو بەتایبەت ئەیانەوێت کە بیروڕای جەماوەری وڵاتانی خۆراوا و ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکان و، ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و دامەزراوە سیاسییەکان (پشتیوانی سیاسیی) لە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد بکەن، چونکە بە بۆچوونی قاسملوو دەوڵەتەکان بەهۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتدا ئەکەن و لەڕاستیدا هیچ دەوڵەتێك نەبووە کە هاوکاری دۆزی کورد بکات وەك چۆن دەوڵەتە عەرەبیەکان هاوکاری فەلەستینیان کردووە!!)).

ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە لە لای خوێنەر درووست بێت کە وەها ئارمانجێک دەتوانێ لە مێشک و هزری هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و یەکسانیخوازدا درووست ببێت، کەواتە بۆچی دەبێ بڵێین د. قاسملوو لەو تاکانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جیاوازە؟

لە وڵامدا دەتوانین بڵێین د. قاسملوو هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەڵگری هزرێکی وەها بەرزی مرۆڤانە بوو، بەڵام هیچ کات نەیهێشت کە باری ئیحساسی مرۆڤانەی بەسەر لایەنی عەقڵانییەکەیدا زاڵ بێت و بکەوێتە دوای یۆتۆپیایەکی "تامس مور"ئاسا کە تێیدا بە خەون و خەیاڵ باس لە نەزمێکی کۆمەڵایەتی ئارمانی دەکرێت، بەڵکوو وەک ڕێبەرێکی دوورنواڕ و ڕێئالیست، بە خوێندنەوەی دروستی کەتوارەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردستان هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بەو ئارمانە مرۆڤتەوەرانە دەخستە گەڕ و هەنگاو بە هەنگاو هەوڵی بۆ هێنانە ئارای دەدا. لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەم وتە، ئاماژە بە یەکێک لە بۆچوونەکانی د. قاسملوو لە سەر دێموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی ئێران دەکەین:

"پاراستنی ئازادییە دێموکراتییەکان چەسپاندن و پتەوکردنی بناغەی ڕێژیمێکی ڕاستەقینەی سەرانسەری لە ئێراندا زامنی ئەسڵی پێشکەوتنی شۆڕش و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەموو گەلانی ئێرانە".

بەبێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتی ڕاستەقینە مافەکانی نەتەوەی کورد، دابین ناکرێ و بە بێ دابینبوونی مافی نەتەوایەتی کوردیش، ڕێژیم بە مانای تەواوی وشە دێموکراتیک نابێت.

ئەگەر دوژمنانی گەلی کوردیش پێیان وایە لە سازکردنی بەیت و باوی جیاوازیخوازی دەتوانن گەلی کورد ناچار بکەن حاڵەتی دیفاعی بە خۆیەوە بگرێت و داوای مافە ڕەواکانی نەکات، زۆر بە هەڵە چوون. ئێمە دڵنیاین هەر ڕێژیمێک لە ئێراندا کە ڕێژیمێکی بە ڕاستی گەلی، دادپەروەر و دێموکراتیک نەبێت، ناتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گرفتە بنەڕەتییەکانی وڵاتی ئێمەیە، چارەسەر بکات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ئێراندا گەلانی زۆرلێکراو زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی وڵات پێک دێنن. خوێندن بە زمانی دایکی، پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگی نەتەوایەتی، لابردنی جیاوازی دانانی ئابووری و سیاسی و لە هەمووی گرینگتر، دیاریکردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان بەشێک لە مافە ڕەواکانی ئەو گەلانەن. لابردنی ستەمی نەتەوایەتی لە سەر ئەو گەلانە بە پێچەوانەی ئیددیعای ژمارەیەک لە دوژمنانی، هاندانی خەڵک بۆ جیابوونەوە نییە، بەڵکوو دابینکردنی یەکیەتیی ڕاستەقینەی ئەو گەلانە، لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا زامنی پاراستنی یەکیەتیی و سەربەخۆیی وڵاتە. مەسەلەی نەتەوایەتی لە ئێراندا هەیە و هیچ چەشنە خۆگێل‌کردنێک لە بایەخی ئەو کەم ناکاتەوە، بە پێچەوانەوە ڕێگە بۆ کەڵک لێوەرگرتنی دوژمنایەتیی ئازادی و سەربەخۆیی خۆش دەکات."

ئەمە یەکێک لەو نموونانەیەی کە دەریدەخات دوکتور قاسملوو هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە وەک ئارمانێکی نەتەوەیی پێداگری لەسەر مافی چارەی خۆنوسین و باقی مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەی کورد باقی نەتەوەکانی ئێران دەکا. بە ئاماژە کردن بۆ ڕاستی و هەقیقەتەکانی کۆمەڵگە، زۆر واقیعبینانە مەترسییەکانی لە بەرچاونەگرتنی ئەو کەتوارانەش دەخاتەڕوو.

**د. قاسملوو وەک تێئوریسیەن و داڕێژەری بیرۆکەی "سوسیالیزمی دێموکراتیک"، بە خوێندنەوەی دروست و لۆژیکی، ڕاستی و کەتوارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، واقیعگەرایانە ڕێبازێکی نوێی بۆ گەیشتن بە ئارمانێکی بەرز، دامەزراند**

**دوکتوور قاسملوو هاوکات لەگەل ئەوەیکە ئارمانجخوازانە بیری لە دۆخی نەتەوەکەی و حیزبەکەی دەکردەوە و بیری لە باشترینەکانی بۆ نیشتمان دەکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا ڕێئالیستییانە و بە دیدێکی واقعبینانە سیاسەتی دەکرد و بڕیاری دەدا**

یان لە کاتێکدا کە فەزای چەپی تۆخی مارکسیستی، قورسایی خۆی بە تەواوەتی خستبووە سەر ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، ئەوە د. قاسملوو بوو کە زۆر ئازایانە و بۆ یەکەم جار وێڕای ڕەخنە گرتن لە سوسیالیزم و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی، بە خوێندنەوەیەکی دروست لەسەر ئەم چەمکە، دژ بە لاسایی کردنەوەی کوێر کوێرانەکان، وەستایەوە و لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ٦٢دا پاش نووسینی " کورتە باسێک لە سەر سوسیالیزم" بە مەبەستی دابینکردنی ئازادی و دێموکراسی وەک ٢ توخمی پێویست بۆ داهاتووی وڵات، لەگەڵ چەمکی سوسیالیزم، تێهەڵکێشی "سوسیالیزمی دێموکراتیکی" داهێنا؛ دەستەواژەیەکی نوێ کە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی تێدا بەدی دەکرا و بوو بە ئامانجی دوارۆژی حیزب. بەم شێوەیەش حیزبی دێموکرات و گەلی کوردیش لە فەزای زاڵی حیزبە کومونیستەکانی بەستراوە بە یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕەدووکەوتوانی ئەو بەرەیە ڕزگاریان بوو و ڕێڕەوێکی نوێیان بۆ خۆیان دۆزییەوە. بە واتایەکی دیکە د. قاسملوو وەک تێئوریسیەن و داڕێژەری بیرۆکەی "سوسیالیزمی دێموکراتیک"، بە خوێندنەوەی دروست و لۆژیکی، ڕاستی و کەتوارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، واقیعگەرایانە ڕێبازێکی نوێی بۆ گەیشتن بە ئارمانێکی بەرز، دامەزراند. ڕێبازێک کە بەو هۆیەوە مرۆڤەکان هەم بە یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگەن و هەم لە خێر و بێری دێموکراسیش سوودمەند دەبن.

## دواوتە

لەڕووی زانستی ستراتێژی کە بۆخۆی یەکێکە لە بوار و لقەکانی زانستی مێژووی سیاسی، ستراتێژی بەبێ بوونی تاکتیکی ڕوون و دیار تەنیا ئامانجێکی خەیاڵییە و ناتوانێ ڕێگەی سەرکەوتن خۆش بکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر تاکتیک هەبێ بەڵام ستراتێژی بوونی نەبێت تەنیا دەکرێ ناوی هەڵاوبگرە و قرەقڕی لێ بنین؛ هەر وەک چۆن بەشی بەرچاوی حیزب و ڕێکخراوەکانی جیهان ئەم پرسەیان ئەزموون کردووە و بەهۆی نەبوونی ستراتێژی و تەنیا کەڵک وەرگرتن لە تاکتیک هەمیشە شکستییان خواردووە؛ کەواتە ئەو دووانە پێکەوە مانادارن و دەتوانن سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

ئەگەر ئەم پێناسەیە بکەینە پێوەری دواوتەمان لەم وتارەدا، دەبینین کە دوکتور قاسملووی زانا لەم بارەشەوە دەستێکی باڵای هەبوو؛ بەوتەی هاونەسڵ و هاوکارەکانی دوکتوور قاسملوو کە لە نیزیکەوە ئاشنای بۆچوون و باس و بابەتەکانی بوون، ئەو دەیزانی چ کاتێک دەبێ شەڕ بکەیت و چ کاتێک دەبێ دەست لە شەڕ هەڵبگری؛ هەروەها بەهۆی ناسیاوی باش و سەداسەدی لە خۆی (مەبەست کوردە) و ناسیاوی باش لەسەر دوژمن دەبینین کە لە جەریانی دانوستانە دیپلۆماتیکەکانیدا چ ئەو کاتەی کە وەک هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بەشدار بوو و چ ئەو سەردەمانەی کە هەوڵی ناساندنی کێشەی کوردی بە جیهان دەدا، براوەی مەیدانەکە هەر دوکتور قاسملوو بوو. بەم پێیەش دەتوانین بڵێین دوکتوور قاسملوو هاوکات لەگەل ئەوەیکە ئارمانجخوازانە بیری لە دۆخی نەتەوەکەی و حیزبەکەی دەکردەوە و بیری لە باشترینەکانی بۆ نیشتمان دەکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا ڕێئالیستییانە و بە دیدێکی واقعبینانە سیاسەتی دەکرد و بڕیاری دەدا.

# کولتورساید، باشووری زاگرۆس وەک نمونە

عەبدوڵلا ڕەسووڵی




زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی کە هەوڵی سڕینەوە و لە نێوبردنی نەتەوەیەك یان کەمایەتییەکی دیاریکراو دەدەن، چەندین ڕێگای جیاواز دەگرنەبەر بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجی خۆیان. زەقترین و بەرچاوترین ڕێگایەك کە ئەو جۆرە دەسەڵاتانە دەیگرنە بەر، جینۆسایدە. ئەگەر جینۆساید بە مانای لە نێوبردنی فیزیکی گرووپێکی مرۆیی بەپێی بەرنامەیەکی لەپێشدا داڕێژراو بێت، پرسیار ئەمەیە ئایا ئەو جۆرە دەسەڵاتانە کە هەوڵی لەنێوبردنی گرووپێکی مرۆیی دەدەن ئەگەر دەرفەتی جینۆسایدیان بۆ نەرەخسێت، کۆڵ دەدەن؟ وڵامەکە ئەوەیە کە کۆڵ نادەن و ڕێگای دیکە دەگرنەبەر.

یەکێك لەو ڕێگایانەی کە ئەو جۆرە دەسەڵاتانە دەیگرنە بەر، سڕینەوەی کولتورییە و ئەم جۆرە سڕینەوەش لە زانستە مرۆییەکان بە کولتورساید ناسراوە. ئەگەر جینوساید سڕینەوە و لەنێوبردنی فیزیکییە، ئەوا کولتورساید سڕینەوەی کولتوری، مەعنەوی و دەروونی گرووپێکی مرۆییە بۆ ئەوەی بەتەواوی لە خۆیان و لە مێژوو و دابونەریتی خۆیان داببڕێن و زمانی خۆیان لە بیر بکەن و پەیوەندی بە کولتور و نەریتی دیکەوە بگرن و ئەو بە هی خۆیان بزانن. زمانێك بەکار بێنن کە زمانی خۆیان نییە، بە شێوەیەك سەما بکەن کە هەڵپەڕکێی خۆیان نییە.

لێرەدا و لەم دەرفەتە کەمەدا هەوڵ دەدەین تیشکێك بخەینە سەر ئەو ڕەهەندانەی کە لە باشووری زاگرۆس وەك سیاسەتی کولتورساید لە لایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە جێبەجێ دەکرێت. یەکەم شت کە لە باشووری زاگرۆس حکومەتی ئیسلامی ئێران هەوڵی بۆ دەدات گۆڕینی شوناسە. ئەم سیاسەتە بە دوو شێواز جێبەجێ دەکرێت یەکەم زەقکردنەوەی شوناسی مەزهەبی (نەك ئایینی) بۆ جیاکردنەوەی دانیشتووانی بەشێك لە باشووری زاگرۆس لە ئەوانی دیکە. دووهەم سیاسەت، پێناسەکردنی شوناسی جیاواز بە دانیشتووانی ناوچەکانی کرماشان و ئیلام و هتد کە جیاوازی لە شوناسی کوردبوون هەیە لێرەدا گرتنەبەری شوناسی سەربەخۆ وەکوو ئەوەی لەبارەی لەکەکان ئەنجام درا یاخود لکاندنی ئەوان بە شوناسی گەورەتری ئێرانی لەو ڕێگایانەیە کە تا ئێستا بیندراوە. پێناسەکردنی شوناسی جیاواز لە شوناسی خودی گرووپێکی مرۆیی، لە ڕاستیدا هەنگاوی یەکەم لە کولتورسایدە.

لەژێر چەتری سیاسەتی کولتورساید، هەنگاوی دووهەم کە لە باشووری زاگرۆس نراوە، فەرزکردنی زمانی بووە. بەو مانایە کە زمانی دانیشتووانی ناوچەکە بە بێ‌توانا و لاواز پێشان دراوە و لە بەرامبەریشدا زمانی فارسی بە زمانێك پێشان دراوە کە توانایی سەیروسەمەری هەیە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە بە پێی پرەنسیپەکانی زمانناسی لە ڕاستیدا زمانی دانیشتووانی باشووری زاگرۆس(کوردی) زمانێکی سروشتییە کە توانایی گەشەکردنێکی سەیری هەیە و لە بەرامبەریدا زمانی فارسی زمانێکی جەعلییە کە بە بێ بوونی عەرەبی توانایی گەشەکردنی نییە و لە زۆر بواریشەوە گەیشتۆتە بۆنبەست و ناتوانێت گەشە بکات، بەڵام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی خۆی هەوڵ دەدات لە شوێنێك وەك کرماشان شتێك بە ناوی فارسی کرماشانی!!! زەق بکاتەوە و لە پێشخستنی ئەم سیاسەتەشدا کۆمەڵێك بە ناو مامۆستای زانکۆ و قەڵەم فرۆشی پێش خستووە و خۆی لە دواوە ڕاوەستاوە. هەمان سیاسەتیش بە شێوازێکی دیکە لەبارەی دروستکردنی شوناسی زمانی بۆ هەورامی ئەنجام دراوە.

یەکێکی دیکە لەو سیاسەتانەی کولتورساید کە لە باشووری زاگروس دەبیندرێت، سیاسەتی مێژووسازییە. بەم مانایە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵ دەدات مێژووی ڕاستەقینەی ناوچەکە و بە تێکڕا کوردستانیش لە بیر بکرێت و لە جیاتی ئەو مێژوویەکی دەسکرد و ناشیرین لە شوێنی دابنێت بۆ ناشیرین کردنی دانیشتووانی ناوچەکە. لەمبارەیەوە دەتوانین سەیری مێژووی هاوچەرخی ئێران بکەین. لە بەشی زۆری ئەو کتێبانەی کە لەبارەی مێژووی هاوچەرخی ئێرانەوە نووسراون هەمیشە ئاماژە بە یەك دوو چالاکی شاری کرماشان دەدرێت کە ئەنجامێکی خراپی هەبووە، بەڵام لای هەمووانیش ئەوە ڕوونە کرماشان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی ڕۆڵی گرنگی لە ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەدا هەبووە.

یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی مێژووی لە ئاست باشووری زاگرۆس بەتەواوی پشتگوێ خستنی مێژووییە. ئەم بابەتە بە تەواوی لە مێژووی ئەدەب و هونەری ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە و ئەگەریش بمانەوێت نمونە بهێنینەوە دەتوانین سەدان نمونەی زەق بهێنینەوە.

# دارستانەکانی زاگروس بەردەوام لەژێر هەڕەشەی ڕێژیمدان



کەمتەرخەمی و گڕدانە بە ئەنقەستەکانی ڕێژیم بە هاتنی وەرزی گەرما، دارستان و لەوڕگەکانی زاگروس بەرەو لەنێوچوون دەبات.

هەموو ساڵێک بە هاتنی وەرزی گەرما، دارستانەکانی زاگرۆس لەگەڵ هەڕەشەی ئاگر تێبەربوون بەرەوڕوو دەبێتەوە و هەتا کۆتایی هاتنی وەرزی گەرما، هەزاران هێکتار لە دارستان و لەوڕگەکان بە هۆی گڕگرتن لەنێو دەچن.

کەمتەرخەمییەکانی ڕێژیم لە بەرامبەر ژینگەی زاگرۆس و سیاسەتە دژە ژینگەیی و دژە مرۆڤانەکانی، هۆکاری سەرەکی لەنێوچوونی دارستانەکانی زاگرۆسە و ڕێژیم سەرەڕای کەمتەرخەمی، بە ئەنقەست هەموو ساڵێک بەشێکی زۆر لە دارستانەکانی کوردستان دەسوتێنێت.

هۆکارە سرۆشتییەکان لە گڕگرتنی دارستانەکان هەموو ساڵێک بەردەوامن، بەڵام ڕێژیم هەتا هاتنی وەرزی گەرما و گڕنەگرتنی بەشێکی زۆر لە دارستانەکان، هیچ ئامادەکاری و پێشگرتنێک ناکات و بەپێچەوانەوە بە بیانووی هاتووچۆی پێشمەرگە، دارستانەکان ئاگر دەدات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە پارێزگای ئیلام لە ناوچەی شەلەم و ناوچەکانی دیکە، بەشێک لە دارستانەکان گڕیان گرت و دوای سووتانی زیاتر لە یەک هێکتار لەو دارستانانە، ئاگرەکە دەکوژێتەوە، هەروەها لە پارێزگای سنەیش لە هەندێک ناوچە، بەشێک لە دارستانەکان سووتێندراون.

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو ئیدارانەی ڕێژیم کە ئەرکیان پاراستنی ژینگەیە، کەمترین چالاکی و هێزی ئینسانیان هەیە و ڕێژیم بوودجەی پێویستیان بۆ دابین ناکات تاکوو بتوانن ئەرکەکانی خۆیان لە پاراستنی ژینگە جێبەجێ بکەن.

ڕێژیمی ئێران گەورەترین دوژمنی نەتەوەی کورد و سروشتی کوردستانە و بەدرێژایی تەمەنی خۆی هەموو هەوڵی خۆی داوە کە کوردستان لەنێو بەرێت و سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە تاڵان بکات.

# بەرپرسانی ڕێژیم: خۆکۆژییەکانی دوای بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان شتێکی سروشتییە



ڕووداوی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان لە مانگی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوودا، بووەتە هۆی خراپتربوونی دۆخی ژیان و لە ئاکامدا بەرزبوونەی ڕێژەی خۆکۆژیی لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشاندا.

"ئومید قادری"، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی بێهزیستیی ڕێژیم لە کرماشان، لە قسەکانیدا لە پێوەندی لەگەڵ پرسی خۆکوژی وتی: "لە هەموو دنیادا ٣ لەسەدی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو بیر لە خۆکوژی دەکەنەوە، بەپێی ئەو قسەیە ئەو ئامارە لە کرماشاندا کەمتر لە نیو لەسەدە.

ئەو بەرپرسەی ڕێژیمی ئێران، بوونی دڵەڕاوکێ، ترس، خەمۆکی و تەنانەت خۆکوژی لە ئاکامی ڕووداوەکانی وەک بوومەلەرزەی بە شتێکی سروشتی وەسف کردووە.

پێشتریش "شەهاب نادری" نوێنەری ڕێژیم لە مەجلیسدا، دوای ٢ مانگ لە ڕوودانی کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان باسی لەوە کردبوو: "هەتا ئێستە لانیکەم ٢٠ حاڵەت خۆکوژی لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشاندا ڕووی داوە و سەرەڕای ئەوەش ٣٠ حاڵەت منداڵبوون لە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشاندا تۆمار کراوە، کە دۆخی ئەو کۆرپانەش نالەبارە و هەروەها ٤ کەسیش بە هۆی سەرما گیانیان لە دەست داوە".

لە لایەکی دیکەوە بەپێی ئاماری خودی بەرپرسانی ڕێژیم، لە ساڵی ٩٥دا ئاماری خۆکوژی لە پارێزگای کرماشاندا ٤ قات لە نێونجیی وڵات زیاتر بووە.

دوای تێپەڕینی ٧ مانگ لە ڕوودانی کارەساتی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان، هەتا ئێستا ڕێژیم نەیتوانیوە کێشەی بوومەلەرزەلێداوانی کرماشان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چارەسەر بکات و خەڵک خۆی یارمەتی یەکتر دەکەن.

# ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد



**مەلا عەلی سێڵاو**

کاتێک باس لە خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی گەلەکەمان دەکەین، بەرەوڕووی دەیان چەرمەسەری و شکست و سەرکەوتن و قوربانیدان و گیانبازی دەبین و دەبینین ڕۆڵەکانی کورد لە گشت چینە جۆراوجۆرەکانی نیشتمان چۆن بۆ سەربەستی و ڕزگاری، خوێنی گەشی خۆیان کردۆتە هۆی مانەوەی خەبات وبەربەرەکانێ و کۆڵنەدان بە دژی داگیرکەرانی دڵ پڕ لە قین.

دوژمنامان هەر جارە و بە ناوی جیاواز و ئایدیۆلۆژی جیاواز و سیستمی جیاوازی سەپێندراو بە سەر کوردستاندا، ویستوویانە گەلەکەمان لە ساحەی سیاسی و جوگرافی جیهان بسڕنەوە، ناوی کوردستان بۆ هەتایە لە ناو بەرن، بەڵام بێ شک بەخشینی خوێنی گەشی لاوانمان داری ئازادی و ئاڵای سەربەستیان هەروا شەکاوە هێشتۆتەوە.

بە پێویستم زانی بۆ جارێکیش بێت وسەرەتایەک بێت بۆ یادکردنەوەی مامۆستایانی ئایینی نیشتیمانپەروەر و ڕۆڵی حوجرە و تەکییە بەرز بنرخێنم بۆ ئەوەی نیسبەت بەو چینە زۆر گرنگەی نیشتیمان سپڵە و نەمەک نەشناس نەبین و یادێک لە ڕۆڵ و باندۆڕ و ڕاپەڕین و ماندوو بوونیان بکەینەوە.

سەرەتا لە کەوانەیەکدا ئەڵێم( هیچ گوڵستانێک بێ دڕک وداڵ نییە و نابێت، بەڵام بە بوونی ئەم دڕک و داڵەش گوڵستان بۆن و ڕەنگ و جوانییەکانی خۆی لە دەست نادات)

ڕاستییەکە ئەوەیە، مامۆستایانی ئایینی کورد پێشەنگی خەبات و ڕاپەڕین و بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بوونە و هەن، هەر لە شۆڕشی کلاسیکی گەلی کوردەوە بگرە تا شۆڕشی سەردەم و مۆدێڕن و سیاسی، بە تایبەت ئەو کاتەی هەستی ناسیۆنالیستی لە جیهاندا پەرەی ئەستاند، کوردیش بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی لە حوجرە و خانەقادا دەستی بە خەبات و بەرخودان کرد.

یەکەم شوێن و یەکەم بەرخودان بە شێوەی کلاسیک لە لایەن حوجرەوە بانگەوازی بۆ کرا و فتوای ئایینی بۆ درا و تەکیە و دیوەخانیش ڕاپەڕینیان ڕاگەیاند.

فتوا بووە هۆی ئەوەی پۆل پۆل خەڵکەکەمان بە دژی داگیرکەران چەک بگرنە دەست و تێکەڵاوی شۆڕش بن.

شۆڕشەکانی شێخانی سەعیدی پیران، عوبەیدولڵای نەهری، عەبدولقادری گەیلانی، عەبدولسەلامی بارزانی، تەهای شەمزینان و ... چەند نموونەیەکن لە ڕاپەڕینی تەکیە و حوجرەکان.

ئاشکرایە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردستان باوەڕمەندن بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و موسوڵمانانیش باوەڕێکی لەبڕان نەهاتوویان بە ئایینەکەیان و حوجرەکان و تەریقەتەکانی نەقشبەندی وقادری هەیە بۆیە فتوای ئەم شوێنانە کاریگەری زۆریان لە ڕاپەڕاندن و ڕاهێنانی تاکەکانی کورد هەیە و ڕێگا نیشاندەری کۆمەڵگا دەبن و باندۆڕی بەهێز دەخەنە سەر تاک بە تاکی ئەم باوەڕمەندانەی کورد.

مامۆستایانی کورد لە کۆنەوە تاکوو هەنووکە کاریگەری خۆیان سەلماندووە لە خەبات و بەرگری بە دژی چەوسێنەرانی ستەمکاری داگیرکەر؛ هەروەها لە کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی ئەوە مامۆستایانی ئایینی و پیاوچاکان بوون کە پێداچوونەوە بە شۆڕش و خەباتی گەلەکەمان دەکەن و بەرخۆدانی کورد هاوتەریب ومۆدێرن دەکەن وبەرگێکی نوێ بە سەر ڕاپەڕیندا دەپۆشن، چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا هاوبەش دەکەن لەو ڕێبازەدا و داوای بەدواداچوون بۆ مافە پێشێلکراوەکانیان دەکەن، یەکەم سەرکاروانی خەباتی نوێی سیاسی و سەردەم، پێشەوای کورد نەمر قازی محەممەد و پیاوچاکەکانی باوەڕمەند بوون، ئەوان بە بیری ئایینی و هاندانی ئایینی بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەییمان حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند کە حیزبێکی مۆدێڕن و خاوەن پڕەنسیپ و بەرنامەیەکی تۆکمەی سیاسی بوو کە دەیتوانی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا لە ئامێز بگرێت، بۆ وێنە بەشداری ژنان لە بەرخۆدان و بەدەستهێنانی مافەکانیان هەر بۆیەش پێشەوای نەمر یەکیەتی ژنانی دامەزراند.

جارێکیتریش حوجرە بۆ بڵێسەدار کردن و مانەوەی ڕووناکی چرای ڕزگاری خوێنی خۆی بەخشی، پێشەوای زانای کورد گیانی پاکی خۆی کردە قوربانی درەوشانەوەی ڕێبازی کوردایەتی و لەم پێناوەدا شەهید بوو و دەیان مامۆستای حوجرەش گیانیان پێشکەش بە بارەگای سەربەستی و ڕزگاری کرد کە پەروەردەی حوجرە و خانەقا بوون، تەنیا من لێرەدا وەک بیرهێنانەوەیەک ئاماژە بە ناوی چەند مامۆستای خەباتگێڕی شەهید ئەکەم: مەلا ئاوارە، مەلا خالید عەزیزی، مەلا ئەحمەد دەروێشی، مەلا ڕەحمان لاهیجی، مەلا برایم ڕۆستەمی، مەلا شێخ عیزەدین حوسەینی، مەلا جەلال حوسەینی ودەیان وسەدانیتر.

لە بواری شێعر وئەدەب و مێژوو و زمانی کوردی دیسان هەر ئەوە حوجرەیە پێشەنگی خەبات لەم بوارە گرنگانەیە؛ حوجرە مەکۆی شێعر و ئەدەبیات و بایەخدان بە مێژوو و زمان بووە؛ زۆربەی شاعیرانی کورد لە حوجرەڕا هاتوون کە زەقترینیان بریتین لە: هێمن، هەژار، قانع.

مێژووی گەلەکەمان لە حوجرە شی کراوەتەوە، شێخ شەرەفەدینی بدلیسی زانای سەردەمی سەفەوی وعوسمانی! دەکرێت بڵێین گەر حوجرە نەبووایە ڕەنگ بوو ئێستا زمانی کوردی لەو پەڕی زەعف و کێشەدا با، بەڵام هەوڵ وتێکۆشانی مامۆستایانی کورد لەم بوارانەشدا جێگەی دەسخۆشی و پێزانینە کە ئەوان بۆ بەرەو پێشبردنی زانست و ئەدەبیاتی کوردی خۆیان ماندوو کردووە تا ئەو ئاستەش گیانی پاکیان، فیدای ڕێبازەکەیان کردوە، بۆ وێنە شەهیدی مێحراب مامۆستا محەممەد ڕەبیعی، ڕووناکبیر و نووسەر و مێژووزانی نیشتیمانپەروەر.

کەسانی وەک ئەم چەند نموونەیە تەنیا ئاماژەیەکی بچووکە بە هەوڵ وتێکۆشانی زانایانی ئایینی کورد لەم بوارانەی سەرەوە باسمان لێوەکردن. مەلای جزیری، ئایەتوولڵا محەممەد مەردووخ، مامۆستا عەبدولکەریم موودەڕیس، مەلای گەورەی کۆیە، مەلا محەممەدی جەلیلیزادە و هەزارانی دیکە کە قۆڵی هیممەت و مەردانەگیان بۆ پێشکەوتنی گەل و کلتووری نەتەوەییمان هەڵماڵیوە وساحەی نیشتیمانپەروەرییان چۆڵ نەکردووە.

هەر چەند دوژمنانمان بە ناوی جۆراوجۆر خەریکن مامۆستایانی ئایینی لە خەبات و بەشداریکردنیان لە پشتیوانی کردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دارِنن و، پێچەوانەش ویستوویانە تۆوی دژایەتی زانایانی ئایینی لە شۆڕشی کورد لە ناو ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان و تۆوی دووبەرەکی و لێکترازانی سەنگەری شاخ و شار لە گەڵ حوجرە و تەکیە و مزگەوتدا بچێنن و، ئەم دوو لایەنە لێک جیا بکەنەوە، بەڵام بە خۆشییەوە هۆشیاری و زیرەکایەتی مامۆستایانی ئایینی گەلەکەمان بێ گوێدان بە پڕوپاگەندەی ڕێژیمەکان و بێ گوێدان بە سەر جۆری چەمکەکانی تێکەڵاو لە خەباتدا، هەروا شێلگیرانە و بوێرانە پاڵپشتی ڕاستەقینەی پارتە سیاسییەکانی کوردستانن!

مامۆستایانی ئایینی پاڵپشتی ڕزگاری و سەربەخۆیی بوونە و ڕیفراندۆمی کورد بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستانیش ئەم ڕاستییەی سەلماند کە چۆن ئەوان بۆ بانگەشەی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، شەو وڕۆژ نەوەستان و کۆڕ وکۆبوونەوەی جیاوازیان پێک هێنا و لە ڕوانگەی ئایینییەوە هانی جەماوەری کوردستانیان دەدا تاکوو هەرچی زیاتر و زۆرتر بەشداری ئەم پڕۆسە پڕبایەخ و ئامانجدارە بکەن و چۆنیش لەبەیکیان بۆ ڕیفراندۆم کوت و لە تریبۆنی مزگەوتەکان دەنگی الله اکبریان بە گوێی ناحەزان و دوژمنانی ئازادی کوردستاندا سریواند.

سەردەمی ئێستای خەباتی ڕەوای گەلەکەمان تا ئاستێکی زۆر، جیاوازترە لەگەڵ سەردەمی پێشووی بەرخۆدانمان، بە تایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، چوونکە لەم بەشەی کوردستاندا هەم خەڵکی کورد و هەم مامۆستایانی ئایینی جیا لە مەزهەبی کورد بەرەوڕووی دوژمنێکی مەترسیدارتر لە ڕێژیمەکانی پێشوو بوونەتەوە، هەم لە بواری نەتەوەیی و هەمیش لە بواری ئایینیەوە.

ڕێژیمی دژە کورد و دژە مەزهەبی سوونەی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە ویستی نەتەوەیی و دەیان ساڵەی کورد کە بۆ ئازادی و مافە ڕەواکانیان لە قوربانیدان وگیانبازی سڵیان نەکردۆتەوە، هەموو کات مامۆستایانی ئایینی ئەو بەشەیان کردۆتە ئامانجی پیلان و پلانە نگریسەکانی خۆیان.

ڕێژیمی ویلایەتی ڕەهای فەقیهی ئێران هەستی بەو مەترسییە کردووە کە حوجرە ئەو شوێنەیە بۆتە هۆی درێژەپێدانی خەباتی کورد و پاڵپشتی لە شۆڕش و پارتەکانی سیاسی کورد، بۆیە هەمیشە زیاتر گرنگی بەو شوێنە داوە و پیلانی جۆراوجۆری بە دژی ئەم شوێنە بە کار هێناوە چوونکە ئەزانێت دوور خستنەوەی حوجرە لە ڕێبازی کوردایەتی شکستێکی زۆر مەزن دەبێت بۆ ئازادیخوازانی کورد.

ئەو پیلانانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دژی حوجرە بە کاری هێناون و هەمیشە وەک سێبەرێکی شوومی مەرگ باڵی بە سەردا کێشاوە بریتین لە، تەتمیع کردن و تەمکین کردنی مامۆستایانی ئایینی کورد یان ترساندن و زیندانی کردن و بانگهێشت کردن بۆ ئۆرگانە شوومەکانی خۆی وەک ئیدارەی ئیتلاعات و تەحویل دانیان بە دادگای ڕوحانییەت و دەرکردن لە مزگەوتەکان و بەدناوکردنیان بە شێوازی جۆراوجۆر؛ یان بەربەست دانان لە چالاکی ئایینی و مەزهەبییەکانیان لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی ئایینی و نەتەوەیی وەک ساڵوەگەڕی لە دایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام و جێژنەکانی ڕەمەزان وقوربان، تاکوو بەم شێوەیە پێش لە ئاخافتنەکانیان بگرێت کە زۆرینەی ئەم ئاخافتن و یادکردنەوانەیان باس لە مەینەتی و بەشخوراوی خەڵکی کورد دەکات.

پیلانێکی مەترسیدارتری ڕێژیمی دواکەوتووی ئێران بۆ بنبڕکردنی هزری نەتەوایەتی کورد لە کوردستانی ئێران و پشت گوێ خستن و لە کارخستنی مامۆستایانی نیشتیمانپەروەر، دروست کردن وپاڵپشتی کردنی هیندێک پارتی ئیسلامی سیاسی بۆ لەناوبردنی ئامانجەکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێرانە، تاکوو بەمجۆرە بە یەک بەرد دوو نیشانەی پێکابن، یەکەم هەروەک وتم بۆ دژایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە کە گرنگی بە مەسەلەی نەتەوەیی دەدات، دووهەم جێگرەوەیەک بێت بۆ باوەڕمەندانی سوونە و لە کۆتایشدا بەم سیاسەتە چەپەڵەی هەم سوونە بەدناو بکات هەمیش مامۆستایانی ئایینی نیشتمانپەروەر لە بازنەی خەباتی ڕەوای نەتەوەیی بێ بایەخ و لەناوبەرێت.

پیلانێکی تری ڕێژیم بۆ بێهێزکردنی حوجرە بڵاوکردنەوەی تەفەکوراتی دژە ئایینی و دژە زانایانی ئایینی بووە؛ بۆ ئەم مەبەستەش حوجرەی وەک شوێنێکی دواکەوتوو و ناسەردەمیانە ناساندووە و هەوڵی داوە حوجرەکان بە تەواوی لە گوندەکانی کوردستان لانیکەم کۆ بکاتەوە و لە شوێنێک، کە ڕێژیم بۆ خۆی دیاری کردووە، درێژە بە خوێندن و زانستی ئایینی بدرێت، ئەو دیاردە ناشارستانییە کەم تا کورتێک جێی گرتووە وبەداخەوە حوجرەکان لە گوندەکانی کوردستان کە هەمیشە شوێنی ڕاهێنان و کوردایەتی بوون کۆ کراوەنەتەوە و، لە شوێنانێکی تایبەتی وەک مەدرەسەکانی زانستی ئایینی لە شارەکان دەوام دەکەن، بەو حاڵەش کۆماری ئائیسلامی ئێران نەیتوانیوە هەستی نیشتمانپەروەری لە قوتابخانە ئایینییەکان بنبڕ بکات، بۆیە هەرجارە و بیانوویەک بەو قوتابخانە ئایینییە سوونە مەزهەبانە ئەگرێت و، چاودێریان دەکات و هەوڵ دەدات لەو دڕک ودالانە کەڵک وەرگرێت کە مۆرە و دەستنیشانی خۆیەتی؛ بەڵام بە خۆشییەوە هەمیشە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوونە و جگە لە مایەپووچ بوون چیتریان لە بەر دەستدا نەماوە، هۆشیاری پارتە سیاسییەکان دەبێت لەوەدا بێت کە گەلانی تر بە کەڵک وەرگرتن لە ئایین توانیویانە خۆیان بە سەرماندا بسەپێنن و وڵاتمان داگیرکەر بکەن و لێکمان جیابکەنەوە، دەبێت چاوکراوە لە سەر پرسە گرنگەکان سیاسەت داڕێژین و ئەرزش وبایەخ بۆ پێگەی مامۆستایانی ئایین دابنێین و یاد و تێکۆشانیان نوێ بکەینەوە.

لە کۆتاییدا ئەڵێم من خۆم دەرچووی قوتابخانەی حوجرەکانم و لە حوجرە و خزمەت مامۆستایانی ئایینی فێری وانەی نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی بووم و ئێستاشی لە گەڵ بێت حوجرە وتەکیە هەروا شێلگیرانە بەردەوامن لە وتنەوەی وانەی کوردایەتی وشۆڕشگێڕی و پاڵپشتی شۆڕەسوارانی ڕێگای ئازادی و دوژمن بەو هەموو پیلان وپلانە نگریسانە نەیانتوانیوە ورەی مامۆستایانی زانا بڕوخێنن و پاشگەزیان بکەنەوە لەم ڕێبازە شکۆمەندەی نەتەوەییمان.

سڵاو لە گشت مامۆستایان و حوجرە و تەکیە و خانەقا نیشتیمانپەروەرەکان سڵاو لە ڕۆحی سەرجەم شەهیدانی کوردستان بە تایبەت مامۆستایان شەهید کە پێشەنگی خەبات گەلی کورد بوونە لە کوردستاندا.

# دوکتوور قاسملوو: لە بارودۆخی ئێستاماندا تەنیا زەمانەتێک بۆ پاراستنی خۆمان هەمانە چەکەکانمانە و تەنیا شتێک دەتوانێت جێگەی چەک بگرێتەوە، تەنیا دێموکراسییە

ئامادەکاران:
ئاسۆ کەنعانی، ئارمان حوسەینی، ئاویەر شێخی

٢٥ ساڵ پاش تێرۆری ناجوامێرانەی دوکتوور قاسملوو و هاوڕێیانی لەلایەن دیپلۆمات – تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، بۆ یەکەم جار وتووێژێکی بڵاونەکراوەی شەهید قاسملوو لەگەڵ تەلەفزیۆنی BBC بڵاو کرایەوە کە تێیدا ئاوڕ لە کۆمەڵێک پرسی گرینگی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستان و حیزبی دێموکرات دراوەتەوە. لێرەدا بەهۆی گرینگی باسەکانی نێو ئەم وتووێژەوە کە لەلایەن "عینایەت فانی"یەوە ئەنجام درا، دەقی پرسیار و وڵامەکان دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست:

## بۆچی زۆر زوو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ کە تێیدا کوردەکان نەخشێکی چالاک و بەرچاویان هەبوو لە کوردستاندا شەڕ دەستی پێکرد؟

-ئێمە لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشداربووین و بەشمان هەیە، ئێمە شەهیدمان داوە، فیداکاریمان کرووە، بۆیەش چاوەڕوان بووین دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ئەگەر هەموو داواکارییەکانی ئێمە جێبەجێ نەکەن، لانیکەم بەشێکی داواکانمان جێبەجێ بکرێت، بەداخەوە زۆر بەسەر شۆڕشدا تێنەپەڕیبوو، کە ئێمە تێگەیشتین بە نیسبەت خەڵکی کوردستانەوە، ڕێژیمێک کە هاتووەتە کوردستانەوە، تەبعیز دادەنێت، ئێوە دەزانن کە لە ماوەی شۆڕش و ڕۆژانی دوای شۆڕشدا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و لاوی بەشداربووی شۆڕش هێرشیان کردبووە سەر پادگانەکان و دەستیان بەسەر چەک و چۆڵەکاندا گرتبوو، بەڵام کاتێک ئێمەش ئەم کارەمان لە مەهاباد ئەنجام دا، ئەوەش بێ هیچ چەشنە خوێنڕشتنێک، ڕووبەڕووی دژکردەوەی توندی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامی بووینەوە، دوای ئەوەش لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزی دوای شۆڕش بوو کە لە سنە بەهۆی ئاخوندێکەوە، شەڕ لەدژی لاوانی ئێمەیان دەست پێکرد و ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەم شەڕەدا کوژران. دوابەدوای ئەمەش لە نەغەدە کاتێک ئێمە ویستمان میتینگێکی ئاشتیخوازانە بەڕێوە ببەین و لە پشت تریبۆنەوە قسە بکەین دەستیان بە تەقەکردن لە میتینگە ئاشتیخوازانەکەی ئێمە کرد، کە شەڕێکی سێ ڕۆژە دروست بوو و ژمارەیەکی زۆر لەم شەڕەدا لە هەر دوولایەن کوژران، بەم شێوەیە بۆ ئێمە ڕوون بوویەوە کە ڕێژیم بە هیچ شێوەیەک مەیلی نییە ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکات کە حیزبی دێموکرات هەیە و مێژوویەکی درێژی خەباتی بۆ دێموکراسی و خودموختاری هەیە، ڕاستییەکەش ئەوەیە، کە ئێمە لەگەڵ دەسپێکردنی مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ چووین بۆ بینینی خومەینی و داوامان لێکرد کە حەقی خودموختاری لە کۆماری ئیسلامیدا بۆ گەلی کورد تەزمین بکرێت و بە خومەینیمان وت ئێمە بەو مەرجە حازرین دەنگ بە کۆماری ئیسلامی بدەین و لە ڕێفراندۆمدا بەشداری بکەین.

لەبەر ئەوەی ئەو کارەی نەکرد، ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەنگی نامان بە ڕێژیمی ئیسلامی دا و دەنگی نامان بە قانوونی ئەساسی دا و لە هیچ ڕێفراندۆمێکدا بەشداریمان نەکرد. من بیر ئەکەمەوە ئەمەش وەک ئەوتریێ بۆغزێک بوو کە خومەینی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان هەیبوو، لەڕاستیدا هۆکارێکی دیکەش هەبوو، ئەویش بریتی بوو لەوەیکە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان سوننە مەزهەب بوون.

لە ڕاستیدا خومەینی بە سێ هۆکار دژی ئێمە وەستایەوە:

١-ئێمە داوای دێموکراسیمان دەکرد و ئەو هەر ئەوکاتە ڕای گەیاند کە دێموکراسی شتێکە کە لە ڕۆژئاواوە هاتووە و جێگەی قەبووڵکردن نییە.

٢-ئێمە داوای خودموختاریمان ئەکرد کە ئەوە لە فەلسەفە بەناو ئیسلامییەکەی خومەینیدا نەتەوە هەر بوونی نەبوو تاکوو دان بەوەدا بنێت کە خەڵکی کورد مافی خودموختارییان هەبێ.

٣- هەروەها ئێمە مەزهەبمان سوننە بوو و هەروەها چەکمان بەدەستەوە گرتبوو و حازر نەبووین بچینە ژێر باری قسەی زۆری دەوڵەتی ناوەندی. هەموو ئەوانە بووە هۆی ئەوەیکە ئەو دوو شەڕەی ناوم برد ڕوو بدات، دواتر لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا خومەینی شەڕێکی عەلەنی و فەرمی لەدژی ئێمە ڕاگەیاند، بانگی جیهادی دا. من خۆم کە ئەو کاتە وەک تەنیا نوێنەری لاییکی مەجلیسی خوبرەگان هەڵبژێردرابووم و بڕیار بوو بڕۆمە تاران و بەشداری لە جەلەسەدا بکەم، هەمان شەو یانی شەوی پێش ئەوەی بەڕێ بکەوم نوێنەرانی مەجلیسی کۆ کردبووە و بە قسەی نەشیاوی بە من وتبوو و منیی بە (مفسد فی الرض) ناساندبوو کە ئەمە ماناکەی ئێعدام بوو، من ئیتر نەچوومەوە تاران و شەڕێک دەستی پێکرد کە سێ مانگی خایاند، لەم شەڕە سێ مانگەدا ئێمە توانیمان ئەرتەش تێک بشکێنین و بگەڕێینەوە شارەکان. ئاخوندەکان بەڕواڵەت دەیانویست وا نیشان بدەن کە دەیانهەوێت لەگەڵ ئێمەدا دانیشتن بکەن، شەش مانگ ئێمە لەگەڵ ئاخوندەکان قسەمان کرد، من لە تەواوی ژیانمدا ئەوەندە مەلام نەدیبوو کە لاماوەی ئەو شەش مانگەدا بینیم، بەڵام دواتر ڕوون بووەوە کە ئامانجی ئەمان تەنیا بەدەستهێنانی کاتە و ئەیانەوێت خۆیان بۆ شەڕێکیتر ئامادە بکەن، هەر لەم ڕاستایەدا نەورۆزی ساڵی ١٣٥٩ شەڕیان هەم لە بەشی شوماڵ لە ناوچەی ورمێ و هەم لە ناوچەی کامیاران دەست پێکرد، شەڕێک کە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

## داوای حیزبییە کوردییەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکرات چییە؟

-ئەگەر سەرنجتان دابێت، ئێمە دێمۆکراسی بۆ ئێرانمان پێش لە خودموختاری بۆ کوردستان داناوە، نە لەبەر ئەوەی دێمۆکراسی "کل" ە و خودموختاری "جزء"ییە لە دێمۆکراسی، بەڵکوو ئێمە بڕوامان وایە، بێ دابینکردنی دێمۆکراسی سەقامگرتوو لە ئێراندا تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختاریش بەدەست بهێنین، ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە، ئێستە لە بارودۆخی ئێستاماندا تەنیا زەمانەتێک بۆ پاراستنی خۆمان هەمانە چەکەکانمانە، بەڵام ناتوانرێت چەک بۆ هەمیشە هەتبێت و دەبێ شتێک بخرێتە جێگەی چەکەوە، تەنیا شتێك دەتوانێت جێگەی چەک بگرێتەوە، تەنیا دێموکراسییە؛ تەسەورێک کە ئێمە لە دێمۆکراسی هەمانە زۆر سادەیە، دێموکراسی بۆ ئێمە مانای "پلۆرالیزم" دەدات، دێمۆکراسی مانای ئازادی بۆ هەمووان، ئازادی بیر و باوەڕ، ئازادی بەیان، ئازادی زمانە نەتەوەییەکان، ئازادی فەرهەنگ و بەتایبەت ئازادی حیزبەکان، دانی هێزی جێبەجێکار بە خەڵک و پێکهێنانی حکوومەتی خەڵک بۆ خەڵک و باوەڕی ئێمە ئەوەیە، کە هیچ دیکتاتۆرییەک لە ئێراندا و لە داهاتوودا ناتوانێت ئامانجەکانی خەڵک تەئمین بکات، ئێستا ئەم دیکتاتۆرییە شاهەنشاهی بێت، یان دیکتاتۆریی ئیسلامی، چ ئەم دیکتاتۆریە پرۆلیتاریا بێت.

ئێمە باوەڕمان وایە کە ئێران پێویستی بە ڕێژیمێکی دێموکراتیکە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگ و مێژووی ئێمە و بە پاراستنی ئوسوولێک کە لە "منشور"ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە و لە بەیاننامەی مافی مرۆڤدا جێی گرتووە، ئەتوانرێت وڵاتی ئێمە پێش بخات، بەم شێوەیە ئێمە تەنانەت لە کوردستان بە مەسئوولیەتی تەواوە دەتوانم بە ئێوە بڵێم کە زۆرینەی زۆری خەڵکی کوردستان لایەنگری حیزبەکەی ئێمەن، ئێمە خۆمان بە خاوەنی کوردستان نازانین، ئەوە خەڵکی کوردستانە کە بڕیار ئەدەن کە ئەبێت حیزبی دێمۆکرات دەبێت ئیدارەی خودموختاری بکات، یان لایەنێکی دیکە و ئێمە باوەڕمان وایە ئەبێت بارودۆخی شەڕ نەمێنێت و هەموو گرووپەکان بەرنامەکانیان بەرانبەر بە خەڵکی ئێران دابنێن و خەڵکی ئێران بتوانن ئازادانە لە بەینی ڕێکخراو و گرووپەکاندا هەڵبژێرن؛ بۆیە ئێمە بەم شێوەیە باوەڕمان بە دێمۆکراسییەکی قووڵ لە ئێراندا هەیە، دێموکراسییەک کە ڕێز لە مافی هەمووان بگرێت، ڕێز لە مافی دژبەرەکانیش بگرێت، چونکە بە بیرو بۆچوونی ئێمە هیچ دێمۆکراسییەک بێ ڕێزگرتن لە مافی دژبەران و نارازییان ناتوانێت بوونی هەبێت، لەم ڕاستایەدا ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بیانەوێت بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ئێراندا دیکتاتۆری جێگیر بکەن و هەر بەم پێیەش ئێمە ئامادە نین لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان هاوکاری بکەین، چونکە پێمان وایە مێژووی ئێمە سەلماندوویەتی کە سەڵتەنەت یانی " ئێستبداد".

## پەیوەندیی کوردستانی خودموختار لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی چۆن دەبێت؟ ئێوە چۆن تۆمەتی "تجزیە طلبی" ڕەت دەکەنەوە؟

- لە مێژووی ئێراندا هەموو کات تەکووزی تەواوی دەسەڵات لە تاراندا بووە لە حاڵێکدا ئێمە خودموختاریمان دەوێت؛ خودموختاری یانی نەهێشتنی ناوەندگەرایی. ئێمە نامانەوێت تەواوی هێز لە تاراندا کۆ ببێتەوە، دەمانەوێت دەسەڵات لە نێوان خەڵکی ئێران، لە نێوان نەتەوەکان و تەنانەت پارێزگاکانی ئێراندا دابەش بکەین و ئێستا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمین لەڕاستیدا لە هەموو وڵاتەکاندا "مترقی" دەسەڵات دابەش بووە و دەسەڵات لە دەستی تاکەکەسێکدا و ئەویش لە ناوەندا نەماوەتەوە، لە هەمان ڕاستادا دژی گرووپگەلێکین کە بە ناوێکی ترەوە بیانهەوێت لە ئێراندا دیکتاتۆری بهێننە سەرکار. جا سەر ئەکەون، یان نا ئەوە باسێکیترە. من پێم وایە کە لە ئێرانی داهاتوودا ئەگەر دیکتاتۆرێک دوای کۆماری ئیسلامی بێتە سەرکار، ئەم دیکتاتۆرییە ماوەیەکی زۆر لەسەر کار نامێنێتەوە، بەداخەوە ئیمکانی هەیە کە بارودۆخی وڵاتەکەمان بەرەو شەڕی ناوخۆی بڕوات، بۆیە یەکەم ئێمە تەواوی داواکارییەکانمان، هەم دێمۆکراسی و هەم خودموختاری، لە چوارچێوی وڵاتی ئێراندایە، ئێمە خۆمان بە ئێرانی دەزانین و بە هیچ کەس و هیچ ئێرانییەک ئیزن نادەین کە خۆی لە ئێمە بە ئێرانیتر بزانێت، هۆکارێکیش بۆ ئەم کارە نابینین، بەڵام دەمانهەوێت لەم بنەماڵە هاوبەشە و لە نیشتمانی خۆمان کە ئێرانە گرینگی بە مافەکانمان بدرێت و وەک هاووڵاتیی دەرەجە دوو ژیان نەکەین، بەڵکوو هەموومان لە بەرانبەر یاسادا یەکسانین و لە هەمان ڕاستادا پێمان وایە کە ئەم داواکارییانەی ئێمە چ داوا دێموکراتیکەکانمان و چ داواکارییە گرێدراوەکانمان بە مافی نەتەوەیی، کە دەبێت ئەمە نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی دیکەی ئێرانیش بگرێتەوە، تەواوی ئەمانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا مومکینە و بەم هۆکارەشە کە ئێمە دێموکراسیمان بۆ ئێران وەک دروشمی سەرەکیی خۆمان هەڵگرتووە.

## بۆچوونی دکتۆر قاسملوو لە هەمبەر سەرلێشێواویی هێزە چەپەکان چییە و حیزبەکەی خۆی لە کوێی هاوکێشەکاندا دەبینێت؟

-ئێمە حیزبێکی دێموکراتین، ئێمە حیزبی مارکسیستی نین؛ لەنێو ریزەکانی حیزبی ئێمەدا کەسانێک بە ئیدۆلۆژی جیاوازەوە بوونیان هەیە، ئێمە ئیدۆلۆژییەکی دیاریکراومان نییە، زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی حیزب باوەڕی ئایینییان هەیە، موسڵمانن. کەسانێکیش هەن کە خۆیان بە مارکسیست دەزانن، هەروەها لەباری ئایینیشەوە لە حیزبی ئێمەدا سونی، شێعە، یارسان (ئەهلی حەق)، مەسیحی، هەموویان هەن. بە بۆچوونی ئێمە، ئەوە ڕاستە کە هێزە چەپە مارکسیستییەکانن بەو چەشنەی کە وتتان، لە تیۆردا لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورد پشتگیری دەکەن و هیوادارین کە ئەگەر ڕۆژێکیش بە کردەوە لە تەک ئەم پرسەدا بەرەوڕوو بوونەوە، لەسەر بۆچوونی خۆیان بەردەوام بن، بەڵام ئەو بابەتەی کە گەرەکم بوو پێتانی بڵێم ئەمەیە کە، لە دۆخی ئێستادا من پێم وایە پرسی سەرەکیی هێزە چەپە مارکسیستییەکانی ئێرانیش، پرسی دێمۆکراسییە. هێزە چەپە مارکسیستییەکان دەرفەتێکی زۆر بەنرخیان لە دوای شۆڕش لەدەست دا، بە دوای خومەینی کەوتن، هێندێک لەو باوەڕەدا بوون کە ڕێژیمی خومەینی، ڕێژیمێکی دژی ئیمپریالیزمە، لە حاڵێکدا هەمانکاتدا وتمان و نووسیمان ڕێژیمێک کە ئازادییەکان لەناو ببات، خەڵکەکەی خۆی سەرکوت بکا، ناتوانێ ڕێژیمێکی دژی ئیمپریالیزمی بێت چ بگات بەوەی کە دێمۆکرات بێ. بێجگە لەمە، قەیرانی هێزە چەپە مارکسیستییەکان لە ئێراندا، یەکیان ریشەی مێژوویی هەیە و ئەویش تێگەیشتن لە ڕاستیی ئێرانە. ئەم ڕێکخراوانە زۆرتر لەڕووی کتێبەوە گەرەکیان بوو پرسەکانی ئێران چارسەر بکەن لە جیاتی ئەوەیکە، چاو لە ڕاستییەکانی ئێران بکەن، گەرەکیان بوو لەڕووی کتێبەوە ئەم کارە بکەن، ئەویش نەک کتێبە ڕەسەنەکانی مارکس و ئینگێلس، بەڵکوو ئەو کتێبانەی کە چەندین جار وەرگێڕاونەتەوە و دەستکاری کراون و، ئەو بڵاوکراوانەی کە زۆربەیان لە ڕێگەی حیزبی توودەوە بە دەستی خەڵک گەیشتبوو، گەرەکیان بوو پرسەکان چارەسەر بکەن کە وەک دیتمان ئەم ڕێکخراوانە تووشی چەندین ئینشعاب بن. ڕێکخراو گەلێک وەکوو "چریکەکانی فیدایی خەلق" لە سەرەتای شۆڕشدا یەکێک لە گەورەترین ڕێکخراوەکان بوون کە دابەش بوو بەسەر چەند ڕێکخراوێکی چووکەدا، بەڵام ئێستا چەند ساڵێکە کە پرسێکیتر بووەتە هۆی سەرهەڵدانەوەی قەیرانی زیاتری ئەم ڕێکخراوانە، ئەویش ئەوەیە کە لە سۆڤیەت پێش ئەچێ، ئێستا سۆڤیەت وەکوو گەورەترین وڵاتی سوسیالیستی خەریکە خێرا بەرەو دێموکراتیزاسیۆن و دێمۆکراسی دەچێ. گلاسنوس و پرۆستریکا، ڕاستە کە بنیاتنەری سەرەکیی گورباچۆفە، بەڵام ئەمە پێویستییەکی مێژووییە و دەوری گورباچۆف زۆرتر لەمەدایە کە، ئەم پێویستییە مێژووییەی بەجێ و باش هەست پێکرد. ڕێکخراوە مارکسیستییەکان ئێستا دوو ڕێگەیان لەبەرە، یان دەبێ بێن و بوێرانە دان بە ڕابردووی پڕ لە هەڵەی خۆیاندا بکەن و لە سفرەوە دەست پێ بکەنەوە و بەرەو دێموکراسی بڕۆن و پەیوەندییە ناوخۆییەکانیان دێموکراتیزە بکەن و فرەچەشنی قبووڵ بکەن و بە دوای دیکتاتۆرییەوە نەبن، یان ئەوەیکە نا، لە هەمان حاڵەتی پێشوویاندا بمێننەوە کە پێم وایە ئاکامەکەی ئەمە دەبێت، کە هێندێک لەسەر ئەو فیکرە کۆنە دەمێننەوە و هێندێکیش لەڕاستیدا بوێرانە دێن و سیاسەتێکی نوێ لە پێش دەگرن، بەو پێیە بەداخەوە دەبێت پێشبینی ئەوە بکەین کە ئینشعابگەلێکیتر لەناو ئەم ڕێکخراوانەدا ڕوو بدات، بەڵام من هیوادارم کە لە دوای ئەم ئینشعابانە ئەوان، ڕەوتی یەکگرتن و پێکەوە کارکردن بگرنە بەر. ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانە کە حەزیان بە دێموکراسییە و باوەڕیان بەوەیە کە بەبێ دێمۆکراسی ناتوانن سۆسیالیزم دروست بکەن لە نێوانیاندا دروست بکرێت. ڕاستە کە ئێمە حیزبێکی مارکسیستی نییە، بەڵام وەکوو ئامانجی دواڕۆژی خۆمان لە بەرنامەی حیزبەکەماندا سوسیالیزمی دێمۆکراتیکمان داناوە، ماوەیەکی زۆرە نزیک پێنج ساڵە، ئامانجی ئێمەش ئەوە بوو کە هەر لەو کاتەوە هێڵی فکریی خۆمان جیا بکەینەوە لە ئەوانەی کە بەرەو دیکتاتۆری، یان تۆتالیتاریزم دەڕۆن. پێم وایە کە ڕێکخراوەکان و هەموو ئەو گرووپە چەپە مارکسیستییانەی ئێران، لە ئێستادا ئەرکیان ئەوەیە کە دابنیشن و لەبارەی ڕابردوویانەوە جوان بیر بکەنەوە و ئەم ڕێگایەی کە ئێستا سۆڤیەت و هێندێک وڵاتی سوسیالیستیتر پێشیان گرتووە، بگرنە بەر. ئەم ڕێگایە کە ڕێگای دێمۆکراسییە، سەرەتا دێمۆکراسیی ناوخۆی حیزب بەر لە هەموو و دوایی دێموکراسیی ناوخۆی وڵات، بگرنەبەر.

## بۆچوونی دکتۆر قاسملوو دوای مەرگی خومەینی لە هەمبەر قەیرانی سیاسی و دەسەڵات لە ئێران چۆنە؟

-ڕێژیمی خومەینی دەمێکە تووشی قەیرانی قووڵ بووە، تەنانەت پێش ئاگربڕ لە تەک وڵاتی عێراق و بەر لە مەرگی خومەینی، ئێمە قەیرانی ڕێژیم لەوەدا دەبینین کە پرسە گرینگە سیاسی، ئابووری و نیزامییەکان ڕێگەچارەیان نییە. ئەم ڕێژیمە نە پلانێکی بۆ چارەسەریی ئەم پرسە هەیە و نە لە چوارچێوەی ویلایەتی فەقیهدا ئیمکانی چارەسەریی ئەم پرسانەش هەیە. هەروەک کە دەزانن خومەینی وتی کە ئاگربڕەکە لەڕووی ناچارییەوە بووە و ژەهرێک بووە کە دەبێت بیخواتەوە، خواردی و قەیرانەکەی قووڵتر کردەوە و دۆخێکی پێک هێنا کە بەرپرسە پلە بەرزەکانی ڕێژیم، یەکتریان بەوە تاوانبار دەکرد کە هۆکاری شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئەم گرووپ، یان ئەو گرووپ بووە، خومەینی جارێکیتر لە سەرەوەی هەموویان ڕاوەستا و هێڵی خۆی کە بە هێڵی ئیمام بەناوبانگە، گرتە بەر کە لەڕاستیدا هێڵی توندئاژۆکانە. ئێستا خومەینی چووە، من پێم وا نییە بە مەرگی خومەینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێت، باوەڕم وایە کە ڕێژیم هێشتا بۆ مانەوەی خۆی هێندێ شتی لە هەگبەدا ماوە. کەوابوو ماوەیەک دەخایەنێ کە قەیرانەکان دیسان بەرچاوتر خۆیان دەربخەن و کێشە ناوخۆییەکانی ڕێژیم بگەنە بەرزترین ئاستی خۆیان. شتێکی سرووشتییە کە هەر لە دوای مەرگی خومەینی، ئاخوندەکان لانیکەم لەو ڕووەوەش بوویێت خۆیان یەکگرتوو نیشان بدەن، بە بڕوای من شتێکی دەسکرد و کاتی دەبێت، دژایەتییەکان لەوە زۆرترە کە بتوانن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بیشارنەوە، بەتایبەتی پرس و کێشەکانی وڵات ئەوەندە زۆرە کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێستا، ناچار دەکات لە هەمبەر ئەم پرسانەدا هەڵوێست بگرن و کارێک بکەن کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی گرووپە جیاوازەکانی نێو ڕێژیم. بەم چەشنە ڕێژیم دوای مەرگی خومەینی دەسبەجێ ناڕووخێت، بەڵام ڕێگا خۆش بووە بۆ گۆڕانی بنەڕەتی لە ناوخۆی وڵاتی ئێمەدا و دڵنیام کە ئەم ڕەوتە دەستی پێ کردووە. ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیەکیتر باسی بکەین، مەرگی خومەینی سەرەتای کۆتایی هاتنی کۆماری ئیسلامییە. ئەوەیکە بۆ ئێمە گرینگە ئەمەیە کە، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران چییان دەوێت، زۆربەی خەڵکی ئێران ئاشتییان دەوێت، ئازادی و دێموکراسییان دەوێت، ئەمنیەت و ئارامییان دەویت و کەسانێک کە بەڕاستی بتوانن ئاوەها پلانێک پێشکەش بە خەڵکی ئێران بکەن، هەروەها خەڵکی بە سداقەتی خۆیان، قەناعەت پێ بێنن کە دەتوانن ئاوەها پلانێک جێبەجێ بکەن، من پێم وایە ئەم توێژە لە داهاتووی ئێراندا براوە دەبن.

لەو باوەڕەدام کە هیچ گرووپێک تاکلایانە ناتوانێت لە داهاتووی ئێراندا بێتە سەر کار، هیچ گرووپێک ناتوانێت لە داهاتوودا بە تەنیا ببێتە دیکتاتۆر، ئەگەریش بەوە بگات، کە بتوانێت دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، شەڕی ناوخۆیی ساز دەکات. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات بۆچوونمان وایە، کە دەتوانین ڕێژیم لاواز بکەین، ئەتوانین زەربە لە ڕێژیم بدەین، تەنانەت تا ڕادەیەکیش دەتوانین بەستێنی ڕووخانی ئامادە بکەین، بەڵام بە تەنیا ناتوانین ئاڵتێرناتیڤ بین، بۆیە لە بەشەکانیتری ئێراندا بە دوای هاوپەیمانداین، کە هەموومان لە بەرەیەکی گەورە، دێموکراتیک و لە یەک بەرەدا کە بتوانێت هەموو دێموکراتەکان و کۆماریخوازەکان کۆ بکاتەوە و بە یەکگرتوویەکی گشتگیر، خەبات بکەین، ئەمجارە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، کارێک بکەین کە کەسێک، یان دیکتاتۆرێکی خراپتر، یان باشتر لە کۆماری ئیسلامی دەسەڵات نەگرێتەوە دەست، بەڵکوو ڕێژیمێک بێت دێموکراتیک کە خواستەکانی خەڵکی ئێران جێبەجێ بکات، دوای دوو دیکتاتۆریی شاهەنشاهی و ئیسلامی بێتە سەر کار.

# مێداڵیای ڕەش بە بەرۆکی «ڤییەن»ەوە

ڕۆژبین بۆکانی

ژیان هەڵسووڕانە، جووڵەیە، نەوەستانە. هەر ئەو خسڵەتەشە گیانلەبەر و بێ گیان لە یەکتر جیا دەکاتەوە. تەنانەت ئاو ئەگەر لە گەڕان و جووڵە بوەستێ دەمرێ و دەبێتە گەنداو. لە نێو دونیای مرۆییشدا هەن کەسانێك جیاوازترن لە باقی هاوڕەگەزەکانی دەوروبەریان، بە قەولێك قولانجێك لە هەموان لە بانترن، چونکە هەڵسووڕن، یانی ناتوانن خۆ لە ڕووداو و مژارە جوراوجۆرەکانی دەور و پشتیان بدزنەوە، بەگشتی مرۆڤگەلێکی ئەکتیڤن، شێلگیرن، بوێرن، خۆ بە بەرپرسیار دەزانن، بۆیە زۆر جار سەرچاوەی سەرەکیی ڕووداوەکانن. ئەو تیپە تایبەتییەن کە کەسانێکی چلەپۆپەیان تیدا هەڵدەکەوێ و لە نێو کۆمەڵگەدا جێ‌پەنجەیان بەڕوونی دیارە و بۆیان هەیە و دەتوانن لە پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگادا گۆڕانکاری سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەڵایەتی ـ هونەری و ئەدەبی بەنرخ پێك بێنن .

ئەم ژیانەی کە مەکۆکی هەودای ئەم باسەیە، وەختایێك لە جەغزی ڕەوتێکی «مەرگەساتی» و مەمرە مەژی دێتە دەرێ، مروڤانێکی تایبەتی و هەڵسوور و جەسووریان تێدا هەڵکەوتبێ؛ بە واتایەك مەکۆکی بیر و هزری کۆمەڵگاکەی خۆی بێ .

لە قامووس و کلتووری فەلسەفەدا بە تایبەتی لە فەلسەفەی بوونی عێرفاندا باسێك هەیە دەڵێ: لە هەر سەردەم و زەمەنێکدا حەوت کۆڵەکەی زێڕین و قایم هەن کە قورسایی باری جیهانیان لە سەر شانە، حەوت مرۆڤی مەزن و "پیاو چاك" هەن کە بە هێز و بازوو ـ نا ـ بەڵکوو بە بیر و هزر و ئەندێشە، ئالتێرناتیڤێکی نوێ و پێویست دەئافرێنن، یان باشترە بڵێین فنداسیۆنێکی فکری نوێ و سەردەمیانە بۆ ژێرخانی کۆمەڵگا دادەڕێژنەوە. هەر کە لە کلتووری کوردەواریش تێدەفکرین، بۆمان دەردەکەوێ وشەی "حەوت" شوێنێکی تایبەتی هەیە؛ وەك: حەوتەوانان، حەوت ئاسمان، حەوت ڕۆژ ... یان لە قامووسی جیهانیدا وەك حەوت هونەر یان حەوت قاتی هونەریی. بەڵێ حەوت مرۆڤی ژیر و وشیار و شارەزا، باوەڕپێکراوی کۆمەڵگا، ڕێبەر، پێشڕەو، سەرچڵ؛ بەڵام دەبێ بزانین ئەم حەوت مووروە عیللەتپەڕێنە، قەت بێ کۆسپیش نابن. هەتا ئەوان هەبن ناحەزان و دڵچڵکنان و بیرتەسکانی پەراوێزخراو کە چاویان بەرایی هەڵاتنی ئەوانیان نییە تیری شەیتانی و ژەهراویان دایمە لە بۆسەی کەواندا بۆ ناونەتەوە .

ڤییەن، پێتەختی هونەری پێنجەمی جیهان، شاری یۆتۆپیای موزیك و ئاواز، تەلاری مۆسیقایی و گۆرانیی و ڕەسەنایەتی و جوانی و خۆشەویستی. لە لایەکی تریشەوە یەکێ لە ناوەندە گرینگەکانی سیاسی و گرێبەستە نێونەتەوەییەکانی جیهانە. وەك وڵاتی سوئیس بە هۆی بێ‌لایەن بوون و خۆتێهەڵنەقورتاندن لە کاروباری وڵاتان و هەڵوێست نەگرتنی لایەنگرانە، شوێنێکە بۆ حەوانەوە و کۆبوونەوەی لایەنە جۆراوجۆرە سیاسی و نێونەتەوەییەکان. لەم شارەدا چەند ڕووداوێکی گرینگ و مێژوویی ڕوویداوە کە لە ژیانی هەندێك گەل و نەتەوەدا شوێن و دەوری تایبەتی هەبووە؛ یەکێک لەم ڕووداوانە ئەمەیە:

- ڕێکەوت: ٢٢ پووشپەڕی ١٣٦٨ .
- کات: سەردەمی سەرشۆڕیی خانەخوێ، سەردەمی زۆربێژی و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کۆنەپەرەست
- وڵات: ئوتریش
- شار: ڤیەن
- ئاکام: سەرشۆڕی بۆ ڤییەن، ڤییەنی کانگای هونەر، ڤییەنی مەڵبەندی گۆرانی و خۆشەویستی

لەو ڕۆژەدا هونەر کڕ کەوت، ئاڕشەی ویلۆن و ویلۆن سۆلەکان دوو لەت بوون، ساکسیفۆنەکان بە جێگەی ئاوازی ئەوین و خۆشەویستی کەڕەنای جەنگ و خوێنیان لێ‌دەدا. پیانۆ و کلارنێتەکان، نۆتی مەرگیان بە سەر باڵای حاکمانی ئۆتریشدا دادەباراند، بێتهۆڤێن شاباشی خوێنی وەردەگرت، فلووت گەرووی ئازادیخوازی هەڵدەدڕی و گۆرانی وەحشەتی دەچڕی، ئۆرکێستراکان سەمفۆنیای مەرگیان لێ‌دەدا، دەنگبێژی هونەر گورگ ئاسا دەیلووراند، شەقام خوێنی دەهێنایەوە و ڤییەن بێزی لە خۆی دەکرد، لەو ڕۆژەدا ڕوخساری هونەر بە چرنووکی تاوانباریی ڤییەن خەوشدار بوو. بڵێین بە موتزارت ئۆپێڕا تایبەتییەکەی بکاتە پایەنازی تیرۆریستان نەوەك لە کاربەدەستانی ئۆتریش ڕازی نەبووبن! تۆ بڵەی تفەنگی دەستی پیاوکوژەکان جانتا و ئاڕشەی موسیقا نەبووبێ؟ یان فیشەکی چەکی خوێنڕێژەکان نۆتەی ئۆپێرای موزارت یان نۆتی سەمفۆنیای برایۆز نەبووبێ کە توانیی بە ئاسانی سنگی گزینگ شەق بکا و دڵی ئاشتی و ئازادی هەڵبدڕێ؟

لەو ڕۆژە نگریسەدا، لەو کاتە سامناکەدا، لە وەها ڕۆژێکدا کە شەوەزەنگی چڵکن و نەخۆش بە بێژنگی کۆنەپەرەستی بەری ڕۆژ دەگرێ، دڵی مرۆڤێکی کەیلی ئازادی و ئاشتی و مێهرەبانی خەڵتانی خوێن دەبێ. دیسان خێوی شەڕ، دیسان دێوەزمەی مەرگ، دیسانەوە چنگی ڕەشی تاوان کۆتری ئاشتی دەگەوزێنێ،

لە پشت مێزی وتووێژ دوو شاند ڕووبەڕووی یەك دانیشتوون!

شاندی یەکەم :

هەڵگری ئاواتی گەلێکی چەوساوە و بێبەش و مافخوراو، جانتای دەستیان پێنووس و گوڵ و کۆتر. لە سەریاندا جریوەجریوی چۆلەکە و شنەشنی شەماڵ و کەروێشکەی گیا و دەوەن. نیگای چاویان نیازپاکی و یەکڕەنگی بوون. ئەوان بە دڵێکی ئەهوراییی و بە جانتایەکی دلۆڤانییەوە هاتنە پشتی مێزی دانوستانەوە. خواستیان برایەتی و پێکەوە ژیان، ئاواتیان بەختیاری و بەختەوەری بوون، هەناسەیان گوتاری ئاشتەوایی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی .

شاندی دووهەم :

جانتای دەستیان ژەهر و باڕووت و گوللە و چەك. بیر و هزریان هەڵگری بوغز و قین و فرت و فێڵ و دواکەوتوویی. نیگاکانیان پڕاوپڕ لە ڕەشبینی و شك وگومان. خواستەکانیان خوێنڕشتنە و گلاندنی بەرانبەرە. وێردی دەمیان ئایەتەکانی تۆقاندن و شەڕ و شۆڕی و ماڵوێرانی. خواستەکانیان خوێنڕشتنە و خوێنڕشتن .

دەڵێن مێژوو دووپات دەبێتەوە، ساڵی ١٩٣٨ پاش سێ جار دانیشتن و وتوێژ، ئۆتریش بە ئاڵمانەوە دەلکێندرێ. ئەمجارەشیان پاش سێ جار دانیشتن لە ئاکامدا تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شاندی دانوستانکاری کورد واتە د. قاسملوو و دوو هاوڕێکەی بە فرت و فێڵ تیرۆر دەکەن و بە سەربەرزیی دەسەڵاتدارانی ئۆتریشەوە بە کەشم و نەشمەوە بەڕێ دەکرێنەوە. جارێکی دیکە و سەرشۆڕییەکی دیکە بۆ تەوێڵی ڤییەن. ئەمجارەیان شوبێرت و هایدێن و چایکۆفسکی و.... ئارەقەی شەرم دایگرتن و مۆسیقایان لە خەم وەردا و سەمفۆنیای تراژێدی مەرگی ئازادیخوازیان ژەنی و میداڵیای شەرمەساریان لە سەر سینگی ئۆتریش داکوتا .

ڕەنگە بگوترێ ئەگەر ئۆتریشیش بەرهەڵستی ئەو کردارە قێزەونە ببوایەتەوە، لە سەر ڕەفتار و کرداری ڕێژیمی کۆنەپەرەست کارتێکەرییەکی ئەوتۆی نەدەبوو، بەڵام ڕاست بەپێچەوانەی ئەو قسەیە دەبێ بگوترێ دیکتاتۆرانی سەرەڕۆ سەبارەت بە کردەوە چەپەڵ و دژە مرۆییەکانیان چەندە توندوتیژ و بێ‌چاو و ڕوون، هەر زۆر زوو سەد ئەوەندەی تریش سەر دەخەنە کاڵانی خۆیان و هەر نەبێ سەردەم و موددەیەك بێدەنگ و کڕ دەکەون. هەر سەبارەت بە کەیسی د.قاسملوو و هاوڕێیانی شەهیدی، ڕێژیمی تیرۆرپەروەری نێودەوڵەتی ئێرانی ئیسلامی هەر کە بۆی دەرکەوت هیچ کەس و دەوڵەتێك نییە بۆی بێتە لەمپەڕ و بەربەست و زۆر ترسەنۆکانە سەری بەرداوەتەوە، هیچ سێ و دووی لێنەکرد و بەبێ هیچ سڵ کردنەوەیەك دوای چەند ساڵ زۆر بە لووتبەرزی و بەرزەدەماخانە ڕێبەری دووهەمی حیزبی دێموکرات واتە دوکتور سادقی مەزن و هاوڕێیانی تیرۆر کرد، هەر بەو حیسابەی کە لە ئوتریش و باقی وڵاتانی دیکە ئەو تیرۆرانەی ئەنجام دابوو؛ بەڵام هەموو دیتمان دەزگای دادوەری ئاڵمان قۆڵی هیمەتی لێ هەڵماڵی و بەبێ ئەوەی گوێ بداتە دەیان هەڕەشە و گوڕەشە و بێ ئەوەی چاوی بە هیچ بەرتیلێك هەڵخلەتێ – ڕاست بە پێچەوانەی دەسەڵاتدارانی ئۆتریش – باڵاترین دەسەڵاتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خستە ژێر پرسیار و بە تاوانباری سەرەکی ناساندن.

وەك هەموومان ئاگادارین، هەر دوای حوکمی دادپەروەرانەی دادگای بێرلین لە سەر کەیسی میکۆنۆس بوو کە ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری ئیسلامی ئێران بە تەواوەتی بە سەر ئاکاری نگریسانەی خۆیدا چووەوە و ئیدی لەو چەشنە تیرۆرانەیان لە ئوروپا نەکرد.

دوای دادگای میکۆنۆس حوکمەتی ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی بە ڕواڵەتیش بێ نیازپاکی خۆی بە دنیا بسەلمێنێ و وا نیشان بدا کە دەستی لە سەرەڕۆیی و تیرۆر و هەناردە کردنی شۆڕش و ئینقلاب هەڵگرتووە، تەنانەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کرداری (ئیجرایی) خۆشی‌دا بناژۆخوازان و توندڕەوانی لادا و دەوڵەتێکی بەناو ڕیفۆرمخوازی هێنایە سەر کار و دەمامکی دیکەی لە چاو کرد .

بە واتایەك ئەگەر لە تیرۆری د. قاسملوودا حکومەتی ئوتریش بوێرانە و سەربەرزانە ڕاوەستابایە بێ‌شك ماشینی تیرۆریزمی ئیسلامی ئێران زووتر پەلکووت دەکرا و ڕەنگە تیرۆری میکۆنوس و چەند تیرۆرێکی دیکە نەخولقابایا .

بەڵێ ! بۆ جاری دووهەم میداڵیای ڕەشی شەرمەزاری لە بەرۆکی ڤییەنی هونەرپەروەر جێگیر کرا .




# پووشپەڕی ماتەم

شاهۆ ٢٢

وەکوو هەموو بنەماڵەیەکی حیزبی هەموو ئێوارەیەک لە تەنیشت دایک و بابمانەوە سەرئێواران لەنێو ماڵ وسەربان و لەنێو مەزرا دادەنیشتین و گوێمان لە دەنگە حەماسی و دلێرانەکەی کاک ئەحمەدی شێربەگی دەگرت، تاکوو لە هەواڵەکاندا باسی جەولە و شەڕ و خەباتی پێشمەرگەمان بۆ بکات، هەرکاتێک دەیگووت بەخۆشییەوە پێشمەرگەکان شوێنی شەڕەکەیان بە سەلامەتی بەجێ هێشت دەتگووت گشت دنیامان پێ دەدەن، خاوەنی هەموو جیهانین، هووڕاو چەپڵەمان لێ دەدا، بەڵام کاتێک لە کۆتایی خەبەرەکەیدا هەواڵی شەهید بوونی پێشمەرگەی بڵاو دەکردەوە ئەژنۆمان وشک دەبوو، چاومان لە ناوچاوی یەکدی زاق دەبوویەوە، دایکم دەیکێشا بە ئەژنۆیدا و دەیگووت ئەی چاوم کوێر بێت، ئەی دایکتان بمرێت، هەموومان فرمێسک بە چاوماندا دەهاتە خوارێ، چەند ڕۆژ کەسمان تاقەتی قسەکردنمان نەبوو، تا دیسان هەواڵێکی خۆشمان دەبیستەوە.

پووشپەڕی ساڵی شەست و هەشت من پۆلی سێی دواناوەندی بووم، پشووی هاوینە بوو؛ بۆ سەردانی قەوم و فامیل سەردانی یەکێک لە شارەکانی کوردستانم کرد، بە بینینی قەوم و کەس و کار دڵشاد بووم، ڕادیۆیەکی تووشیبای پێشمەرگانەم هەبوو، بۆ هەر شوێنێک بڕۆشتایەم هاوڕێی نزیکم بوو، نەمدەتوانی بۆ ڕۆژێکیش گوێ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران نەگرم، ئێوارەیەکی قێزەون و خەماوی بوو، ئەو ڕۆژە حاڵم باش نەبوو، قسەم بۆ نەدەهات، هاوڕێکانم هەرچی پرسیاریان لێ دەکردم بۆ قسە ناکەی؟ بۆ پەشۆکاوی؟ خۆیشم نەمدەزانی چیمە، بۆ حەوسەڵەم بەسەر چووە؟ لە هەڤاڵانم خواحافیزیم کرد و ڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە، ئێوارەی ٢٢ پووشپەڕ بوو وەک هەمووجاران دانیشتم بۆ گوێ گرتن لە دەنگی کاک ئەحمەدی شێربەگی، ڕادیۆ بە سروودی ئەی ڕەقیب و چەند ئایەتێک لە قۆرئانی پیرۆز دەستی پێ کرد، لەناکاو دەنگە حەماسییەکەی کاک ئەحمەد گۆڕابوو، وەکوو جاران نەبوو، خەمێکی گەورە بەدەنگییەوە دیاربوو، هەواڵە تاڵەکەی خوێندەوە، ئەو هەواڵەی تا دواساتەکانی ژیانم لەبیری ناکەم، ( بەداخوو کەسەرێکی زۆرەوە ڕێبەری گەورەمان کاک دوکتۆر قاسملوو کە بۆ مەئمووریەتێکی حیزبی لە وڵاتی ئوتریش و لە شاری ڤیەن بەسەری دەبرد کەوتە بەر دەسرێژی گوللەی تێروریستەکانی کۆماری ئێسلامی ئێران و شەهید بوو) نازانم لەو ساتەوەختەدا چۆن دڵم لە لێدان نەکەوت؟ نازان چۆن نەمردم؟ دنیا بەسەرمدا ڕووخا، دەستم بە هاوار و باوکەڕۆ کرد، فرمێسک لە چاوانم وەک باران دەهاتە خوارێ و ئۆقرەم لێ بڕا، کۆستێکی گەورە بوو بۆ هەموو نیشتیمانپەروەرێک، بیرم لەو پێشمەرگانە دەکردەوە کە ئێستە لە سەنگەری خەبات و مەتەرێزی شەرەفن، بە بیستنی ئەم هەواڵە جەرگبڕە حاڵیان چۆن بێت؟ بە گریان و نارەحەتییەکی زۆرەوە دوای ماوەیەک خواحافیزیم لە دۆستان و کەس و کار کرد و گەڕامەوە، هەر لەم کاتانەیش بوو کە پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ لە ناوچەی هەورامان دەکەونە کەمینی دوژمنەوە و شەش پێشمەرگەی قارەمان گیانیان لەدەست دەدەن، کە ئەویش خەمێکی گەورە بوو کە پووشپەڕی کردە مانگی پەژارە و ماتەم بۆ لاوێکی ئەم نیشتیمانە بێبەشە، ئێستەش دوای نزیک بە سی ساڵ لەو ڕووداوە تاڵە هێشتا ئازارەکانی لە دەروونمدا هەر ماون، لەبیرم ناچێتەوە، ڕێبەرێکی کاریزما و ڕووناکبیرێکی گەورە و سیاسەتوانێکی بەئەخلاق بە دەست لایەنگرانی شەوەزەنگی تاریکی و نوێنەرانی ئێستێبدادی ڕەشی مەزهەبی لەدەستمان چوو، بەڵام بە دڵخۆشییەوە ئەویندارانی ئەو ڕێبازە پیرۆزە ئێستەش لە سەنگەری خەبات و بەرخۆدان درێژە بەو ڕێبازە دەدەن و تا گەیشتن بە ئاواتەکانی دوکتور قاسملووی شەهید ئەو ڕێگایە بەرنادەن.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:728 6 July 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی پووشپەڕی ٩٧ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

ئەم ئامارە بە پشتبەستن بە ئاماری ناوەندی تۆمار کراو، لە ناوەندیی ئاماری ئاژانسی کوردپا تۆمار کراوە.

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:







### دەسبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و نارۆونی چارەنووسی زیندانیان:

ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ی جۆزەردان، مستەفا حەبیبی، دۆزگری شاری ورمێ لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ هەواڵنێران بە ئاماژەکردن بە ڕووداوی قوتابخانەی "راه شهدا"ی شارۆچکەی ئیسلامئاوای ئەو شارە و دەسدرێژی بۆ سەر یەکێک لە قوتابییەکان، ڕایگەیاند: " لەکۆی ١٥٦ کەس لەو کەسانەی کە لەو ڕووداوەدا دەسبەسەر کرابوون، ٥٤ کەس دەستیان لەو ڕووداوەدا هەبووە و بڕیاری گرتن و سزادانیان دیاری کراوە و ئەوانی دیکەش ئازاد دەکرێن".

هێزە ئیتلاعاتییەکان، هێرشیان کردە سەر ماڵی شەخسیی ڕۆژنامەنووسێکی کورد، بە ناوی "سەلاح ڕەمەزانی" (ئاسۆ ڕوانسەری) لە شاری تاران و کەرەستە شەخسییەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسە وەک کامپیوتێر و هەروەها هێندێک کەرەستەی شەخسی دیکەی نابراویان لەگەڵ خۆیان بردووە. هەروەها، چالاکێکی فەرهەنگیی کورد، بە ناوی "نوورمحەممەد نادری (ئەردەڵان ئەفشار)"، تەمەن ٥٥ ساڵ، خەڵکی شاری شیروان سەر بە پارێزگای خۆراسان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی شاری بیرجەند کرا.

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ی جۆزەردان، لاوێکی کورد، بە ناوی "ئازاد سەعدوڵڵاهی" تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی گوندی "شیان" سەر بە ناوچەی ژاوەڕۆی سنە، لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە بە توندی لێی دراوە.

ڕۆژی هەینی ١ی پووشپەڕ، "ئەمیر پیادە"، بەرپرسی زمانی کوردی و وێژەی کوردیی "بەیان"، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بۆکان و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

مامۆستا "محەممەد ئەدەیبی" پێشنوێژی مزگەوتی گوندی "کەوپێچی خواروو"ی شاری بانە، کە لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکرابوو، بە ناچاری زێدی خۆی بە جێهێشتووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو مامۆستا ئایینیە کوردە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە "هەڕەشەی کوشتن"ی لێکراوە.

حوکمی دوو ساڵ زیندانی تەعزیری هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری کامیاران بە ناوی "ئیقباڵ قوبادی" کوڕی ئەحمەد لە دادگای پێداچوونەوە شاری سنە پشتڕاست کرایەوە؛ ئەو هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی "هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران" لە دادگای ئینقلابی شاری سنە بە پێنج ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرابوو و دواتر بە نارەزایەتی پارێزەری دۆسیەکەی، ئەو حوکمە لە دادگای پێداچوونەوە بۆ دوو ساڵ زیندانی تەعزیری کەم کرایەوە.

لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای سنە هەر یەک لە "منارە مەلاوەیسە و زەمانە زێویە"یی بە تۆمەتی "بەشداری لە کۆبوونەوەی پشتیوانی لە گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان" و تێکدانی نەزمی گشتیی بە میلیۆنێک و ٨٠٠ هەزار تمەن پارەی نەختی مەحکووم کردووە.

ڕۆژی شەممە ٩ی پووشپەڕ، "فەرهاد عەبدوڵلاپوور"، برای هیدایەت عەبدوڵلاپوور زیندانیی سیاسی کورد مەحکووم بە ئێعدام لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "شۆڕش قادر سەکینە و دڵشاد جەواهیر" خەڵکی گوندی "تاچیناوێ"ی شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران، لە شاری تاران، دوو دەروێشی گۆنابادییان لەو شارە دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواست. شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە بە ناوی "ئەمین عەلیزادە و جەلال مووسەوی" دانیشتووی شاری ئیلام راگەیەندراوە.

ڕۆژی شەممە ٩ی پووشپەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری بۆکان بە ناوەکانی "مەنسوور ئیسماعیلپوور و لوقمان پیشیار" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کران.

ڕۆژی سێشەممە ١٢ی پووشپەڕ، چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی "ئەنوەر عەرەب" تەمەن ٣٣ ساڵ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری بۆکان دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

"مێهدی گەنجبەخش"، یەکێک لە چالاکانی فەرهەنگی کوردی خۆراسان بۆ بەندی زیندانیانی سیاسی زیندانی وەکیلئاوای شاری مەشهەد، گوێزراوەتەوە؛ بنەماڵەی ئەو چالاکە فەرهەنگییە ڕایانگەیاندووە:"دادوەر نەزەری بە دانانی بارمتە بۆ ئازای مێهدی دژایەتییان کردووە".

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١٣ی پووشپەڕ، چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی "عێرفان ڕەشیدی" خەڵکی شاری پاوە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا.

هەروەها، "قادر محەممەدزادە"، زیندانیی سیاسیی کورد، خەڵکی شاری بۆکان، لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، پاش گواستنەوەی بۆ ژووری تاکەکەسی دەستی داوەتە مانگرتن؛ قادر محەممەدزادە، ڕۆژی هەینی ٢٥ی جۆزەردان، دەستی داوەتە مانگرتن.

هەواڵدەریی حکوومەتی "ئیسنا" لە زاری بەرپرسی پۆلیسی ئەمنییەتی گشتیی شاری کرماشان بڵاوی کردەوە، ٣١ماشینی هاووڵاتییان ڕاگیراوە و ١١٥ هاووڵاتیش بە هۆی لە بەرچاونەگرتنی شئوناتی ئیسلامی (بدحجابی) بەڵێننامەیان لێوەرگیراوە.

"فەرهاد عەبدوڵلاپوور" خەڵکی شاری شنۆ برای هیدایەت عەبدوڵلاپوور زیندانی سیاسی کوردی مەحکووم بە ئێعدام بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ کرا؛ بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بنەماڵەی عەبدوڵلاپوور لەژێر گوشاری ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداراندان و لە چارەنووسی کوڕەکەیان هیچ زانیارییەکیان نییە.

محەممەد ئەمین عەبدوڵلاهی، زیندانی سیاسی کورد کە لە "مورەخەسی دەرمانی" لە شاری بۆکان بە سەر دەبات لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی بۆ زیندانی بیرجەند گوێزرایەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی پووشپەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "سابیر خەلیفە" کوڕی ئیسماعیل خەڵکی شنۆ لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا؛ بە وتەی نزیکانی ئەم هاووڵاتییە کوردە، هێزەکانی ئیتلاعات بە هێرشکردنە سەر ماڵی سابیر، ئەویان دەسبەسەر کردووە و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستووەتەوە.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

شەممە ٢ی پووشپەڕ، ژنێکی لاو بە ناوی "حەدیس" کچی تەوفیق، خەڵکی گوندی "بەردەڕەش"ی شاری مەریوان، بە هۆی زۆری ڕێژەی سووتاویەکەیەوە، پاش چەند ڕۆژ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئێش و ئازار، گیانی لە دەست دا.

کۆڵکێشێکی کورد بە ناوی "خەلیل عیبادی" تەمەن ٤٢ ساڵ خەڵکی گەڕەکی "تەپی ماڵان"ی شاری سەقز، پاش دەسبەسەرداگرتنی شتومەکەکەی لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ئێوارەی سێشەممە ٥ی پووشپەڕ، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پاسگای "گەلاڵە" لە شاخەکانی قەندیل، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بە دەسرێژی گولـلە و کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "شوانە مەحموودزادە" کوڕی سۆفی عومەر خەڵکی گوندی "شیناوێ" سەر بە شاری پیرانشار گیانی لە دەست دا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "ناسر عەبدوڵ" تەمەن ٢٥ ساڵ خەڵکی "کۆنەلاجان" بە سەختی بریندار بوو. "ناسر عەبدول" تەمەن ٢٥ ساڵ خەڵکی "کۆنەلاجان"ی شاری پیرانشار کە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، جێگیر لە پاسگای "گەلاڵە" لە شاخەکانی قەندیل پێکرابوو و دواتر لە لایەن ئەو هێزانەوە دەسبەسەر کرابوو، بۆ چارەسەری پزیشکی بۆ ناوەندێکی دەرمانیی شاری ورمێ گویزرایەوە.

ڕۆژی سێشەممە ١٢ی پووشپەڕ، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە جادە نێوان دیواندەرە_سەقز، تەقەیان لە ماشینی کاسبکارێکی کورد بە ناوی "یووسف کیانفەڕ" کرد کە بەو هۆیەوە ناوبراو بە سەختی بریندار بووە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی پووشپەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "مەنسوور سوهرابی" تەمەن ٥٠ ساڵ خەڵکی شاری نۆدشە سەر بە شاری پاوە بە هۆی جەڵتەی دڵەوە لە کاتی کۆڵبەری گیانی لە دەست دا.

### برینداربوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران:

ڕۆژی هەینی ١ی پووشپەڕ، کرێکارێکی کوردی خەڵکی گوندی "کانی ئەشکەوت"ی شاری پیرانشار، بە هۆی بەردانی ئاوی بەنداوی "کانی سێو"ی ئەو شارە لە ئاودا خنکا؛ شوناسی ئەو کرێکارە کوردە، بە ناوی شێرکۆ (ئەحمەد) یووسفی، کوڕی موراد ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی هەینی ٨ی پووشپەڕ، کرێکارێکی کورد، بە ناوی "وەحید مەولوودی" کە لە کارگەی کارتۆنسازیی زاگرۆس خەریکی کار بووە، تووشی ڕووداوی کار هات .

ڕۆژی دووشەممە ١١ی پووشپەڕ، جووتیارێکی کورد، بە ناوی "ج. ح"، تەمەن ٥٥ ساڵ، بە هۆی وەرگەڕانی تەراکتۆرەوە، گیانی لە دەست دا.